(کۆمەڵە شێعر)

# شیلانی شەڕگە

قادر وریا



# شیلانی شەڕگە

(کۆمەڵە شیعر)

قادر وریا

# شیلانی شەڕگە

(شێعر)

قادر وریا

دیزاینی ناوەوە: مەسعوود ڕەواندووست

دیزاینی بەرگ: مراد بەهرامیان

چاپ: ڕۆشنگەری

ئاگۆستی ٢٠٢٠

پێشکەشە بە یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی
حیزبی دیموکراتی کوردستان

# پێرست


**له بارەی شێعری خۆم و سەردەمی شاعیریمەوە** ........................................ ٧
**مەحەسسیلی دێهاتی*** ........................................ ١٩
**بەڵێن...** ........................................ ٢١
**خۆزیایەک** ........................................ ٢٢
**ژیانەوە...** ........................................ ٢٣
سروودی٢٥ی گەلاوێژ ........................................ ٢٧
**یادی نەمرێک...** (بۆ شەهید مەحموود ڕەحمەتپوور، جێگری فەرماندەری هێزی سمکۆی شنۆ) ........................................ ٢٩
**سەد سڵاو بۆ دێموکرات** ........................................ ٣١
**ئێمە بێ باکین...** ........................................ ٣٣
**نەورۆز** ........................................ ٣٥
**کورد و فەلەستینی** ........................................ ٣٧
بۆ خانزادێک... ........................................ ٤٠
**کوردستان** ........................................ ٤١
**له شینی چەوساوە** ........................................ ٤٣
**(حەسەن زودیفەر) ی شەهیددا..** ........................................ ٤٣
**ژوانگە...** ........................................ ٤٤
**له خەوما...** ........................................ ٤٦
**وڵامی نامەی ئازیزێک...** ........................................ ٤٨
**غەزەلێکی نیوەچڵ (*)** ........................................ ٥٢
تەنیایی... ........................................ ٥٣
**جێژنانە -١** ........................................ ٥٥
**جێژنانە -٢** ........................................ ٥٧
**سوێند...** ........................................ ٥٩
**ماڵاوایی...** ........................................ ٦١
**شینی کۆچێک...** ........................................ ٦٣

بۆ پیری سەنگەر (مەلا ساڵە) ........................................................................ ٦٤
نات بینم تا... ........................................................................ ٦٧
رِق... ........................................................................ ٦٨
ئەوین... ........................................................................ ٧٠
دەنگ دێ... ........................................................................ ٧١
شیوەن... ........................................................................ ٧٣
بۆ تۆم دەوێ؟ ........................................................................ ٧٤
بۆ چاو شینێک ........................................................................ ٧٧
بژی دەنگی حیزبی قازی ........................................................................ ٧٨
ژین نامە... ........................................................................ ٨١
بۆ مەرگی هێمنی شاعیر... ........................................................................ ٨٢
بەڵگە... ........................................................................ ٨٣
دوو ڕاسپاردە... ........................................................................ ٨٤
شیوەنێکی بێ کۆتایی ........................................................................ ٨٦
شیرین... ........................................................................ ٨٧
بەردەهەڵۆ... ........................................................................ ٨٩
بێتۆ، بێمن، ئەم چیایە... ........................................................................ ٩١
زەماوەندی پێشمەرگە ........................................................................ ٩٢
"ئەو تاپۆیەی بوو بە ئەوین" * ........................................................................ ٩٣
چاوەڕوانی... ........................................................................ ٩٥
لەدایکبوون* ........................................................................ ٩٧
دیسان نەورۆز ........................................................................ ٩٩

# له بارەی شێعری خۆم و سەردەمی شاعیریمەوە

٣٤ساڵ لەمەوبەر بڕیارم دا ئەوەندە بەرهەمەی بە خەیاڵی خۆم وەکوو شێعر نووسیومن و نەفەوتاون، لە دەفتەرێکدا کۆ بکەمەوە. لە لاپەڕەی یەکەمی دەفتەرەکەدا ئەم چەند دێڕەم وەک پێشەکی نووسیبوو:

"ئەم دێڕە لەتوپەتانە کە شێوەی شێعر دەدەن، ئەم کاروانە وشەیەن کە هۆبە بە هۆبە و، هەوار بە هەوار و، ماڵ بە ماڵ و، کێو بە کێو، ناوچە بە ناوچە و، مەڵبەند بە مەڵبەند و، بگرە سەنگەر بە سەنگەر، لە توێی دڵدا و یا لە (سەر) سینگی لاپەڕە شڕەیەکدا، بە نێو ڕێژنەی خەم و تاسەی خۆشەویستان(ی دوورکەوتۆوە) و لە ژێر ڕەهێڵەی پەژارەی لە دەستدانی ئازیزاندا هێناومن. تەرمی زۆریانم دیوە کە بە دەستی نەیارانی ئەم خاکە ڕاکێش ڕاکێش بەرەو گۆڕخانە بردوویانن و خۆشم بەشێکی زۆریانم بە جوانەمەرگی ژێر گڵ کردوون، زۆریان لە بیری بیر سڕاون و لە ڕووی زەین کراون.

سڵاو لە گیانیان و یادیان بە خێر!

ئەوەش بە شەل وکوێر دەرچووەکەیان.

بناری قەندیل، ئەستێرۆکان

نیوە شەوی ١٣٦٥/٨/١٧"

ئێستا دوای ئەو هەمووە ساڵە دەمەوێ هەنگاوێکی دیکە لە مەڕ پاراستنیان هەڵ بگرم. دەمەوێ لە توێی کتێبێکی ئەلکترۆنی‌دا، بڵاویان بکەمەوە. ڕەنگە تەنیا گرفتێکی کە لەم بارەیەوە هەمبێ، دیتنەوەی ناوێکی گونجاو بۆ ئەو کۆمەڵە شێعرەم بێ. جارێ هێشتا لە چارەسەری کێشەی دیتنەوەی ناوێک بۆ ئەم کتێبە نەبوومەتەوە، خۆم بەرەوڕووی دوو پرسیارە کردوەتەوە: ١- ئایا بە ڕاستی بەم نووسینانەت دەڵێی شێعر؟ ٢-

بڵاوکردنەوەیان چ سوودێکی هەیە؟ ئەوجۆرەپرسیارانە ئەگەر بۆخۆشم لە خۆمیان نەکەم بە دڵنیایەوە زۆرێک لە خوێنەران لێمی دەکەن. ئیجازەم بدەن بۆ وڵامی ئەم جۆرە پرسیارە کەمێک بگەڕێمەوە دواوە.
ئەو سەردەمەی خولیا و، ئارەزووی شاعیری منیان زۆر بە خۆوە خەریک کردبوو، ١٠ ساڵێک لە تەمەنم(لە تەمەنی ١٤ تا ٢٤ ساڵی) دەگرێتەوە. بە لاسایی کردنەوە شاعیرانی دیکە و بە نووسینی تاکە بەیت -دیارە بە زمانی فارسی- دەستم پێ کرد. ئەو کاتەی وەک ئەرکی قوتابخانە لە قۆناغی ناوەندی، ئینشا(داڕشتن)م دەنووسی، زۆر جار بە تاکە بەیتێک شێعر کە هی خۆم بوون، کۆتاییم بە داڕشتنەکانم دێنا. یادی بەخێر ئاغای مووسەوی، بەڕێوەبەری قوتابخانە کە جاروبار دەبووە مامۆستای ئەدەبیاتیشمان، هەر کە لە خوێندنەوەی داڕشتنی خۆم دەبوومەوە، بە فارسی لێی دەپرسیم ئەم شێعرە هی کێیە؟ منیش بە جۆرێک بە خۆنازینەوە، دەمکوت هی خۆم! ئاغای مووسەوی کە بۆ خۆی ئەلحەق شاعیری چاک بوو، چاوەروان نەبوو ئەم قەڵافەتە وردیلانە و گوندەییانەی من فڕی بە سەر شێعرەوە بێ، بە سەرسوڕمانێکەوە تەحسینی دەکردم، هانی دەدام گرنگی بەو بەهرەیەی خۆم بدەم و، لە سەر شێعر گوتن و بەدواداچوونی ئەدەبیات بەردەوام بم. هاوڕێ و هاوپۆلەکانیشم جۆرێک باسی بەهرەی ئەدەبی و شاعیرانەیان دەکردم، هەر وا بزانە بلیمەتێک بەڕێوەیە! ئەمە وای کرد خۆشم شاییم بە خۆم بێ و، پتر وەدوای شێعر نووسین و خولیای شاعیری بکەوم. وردە وردە لە دانانی تاکەبەیتم تێپەڕاند. هەر ئیدەیەک بەخۆیەوە خەریکی کردبام و هەرچۆنێکی بۆم هاتبایە، بە خەیاڵی خۆم دەمکرد بە شێعر. ڕەنگە زۆر درەنگ زانیبێتم ئەوەی نووسیومە، دوو بەیتییە؟ چوارینەیە؟ قەسیدەیە یا هتد؟ ساڵ بە ساڵیش لە شێعر نووسین و خۆ بە شاعیرزانین سەرخۆشتر دەبووم .

ئەوهەستە ئەو کاتە لە مندا بەهێزتر بوو کە وەک زۆربەی مێرمنداڵانی ئەو کات- لەوانەیە هی ئێستاش هەر وا بن- لە تەمەنێکی کەمدا کەوتمە

داوی ئەوین و ئەوینداری. ١٥ ساڵە بووم کە شۆڕشی گەلانی ئێران ڕووی دا. دەتوانم بڵێم لە دەروووون و هەستی منیش‌دا، ئەوین و ئەوینداری- ئەویش ئەوینی یەک لایەنە- وەها گڕ و کڵپەی ستاندبوو، لە ئاگرین بوونی‌دا، لە شۆڕشی گەلانی ئێران نەدەمایەوە. هاوینی ١٣٥٧(١٩٧٨)، چەند دووبەیتیی عاشقانەی خۆم بۆ گۆڤاری "دختران و پسران"(گۆڤارێکی حەوتووانەی تایبەت بە نەوجەوانان کە سەر بە ڕۆژنامەی "اطلاعات"بوو و لە تاران دەردەچوو) نارد. ئەو گۆڤارە لە یەکێک لە ژمارەکانی پاییزی خۆی‌دا یەک دووبەیتیی منی لە لاپەڕەی تایبەت بە شێعری خۆی‌دا بڵاو کردەوە. دیارە سەرپەرستی لاپەڕەکە دووبەیتییەکەی منی جوان و ڕێکوپێک کردبوو، ئەگینا ڕووی مەجلیسی نەدەبوو. ئەم ڕووداوە ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لە بڕوا بەخۆهێنان و بەردەوامبوونم لە سەر نووسینی شێعر. لە نێو کۆڕی دۆستان و ناسیاوانیش‌دا بۆم بوو بە ئیعتیبار .

ساڵی ١٣٥٧، لە بەر خۆپێشاندان و ڕێپێوان و مانگرتن دژی ڕێژیمی شایەتی، خوێندن و چوونە قوتابخانەمان ئەوەندە جیددی نەبوون. بەشی زۆری پاییز و زستانی ئەو ساڵە لە گوندەکەمان(چەشمەگۆل) بووم و، شەو و ڕۆژ خەریکی لاواندنەوەی هەستی خۆم و هۆنینەوەی شێعر بووم. ئامۆزایەکم  کە ٦-٧ ساڵیش لە خۆم گەورەتر بوو بەڵام زۆر خۆمانە بووین و برادەرایەتیمان هەبوو، دەنگی خۆش بوو و هێندێک جار داوای یارمەتیی لێ دەکردم بۆ پێوەزیادکردن و دەسکاری و گۆڕینی شێعری هێندێک لە گۆرانیەکان بە گوێرەی حاڵ و مەبەستی خۆی. ئەم هاوکارییە لە لایەک و لە لایەکی دیکە بووژانەوەی کەشوهەوای کوردایەتی لە ژێر شوێنەواری شۆڕش و لاواز بوونی ڕێژیمی شایەتی، هانی دام  لەمەودوا پتر بە کوردی بنووسم، ئەگەر چی ڕێنووسی کوردیشم نەدەزانی .

من- سەرەڕای ١٠ ساڵێک شێعر نووسین- قەت نەبووم بە شاعیر. بەڵام هەر ئەو شێعر نووسین و خۆ بە شاعیرزانینە، ڕۆڵی زۆریان هەبوو لە سەر دیاریکردنی ڕێڕەوی ژیانم. هەر بۆ نموونە ئەگەر چی مێرمنداڵێکی شەرمن بووم، بەڵام حەزی خوێندنەوەی شێعرەکانم بۆ خەڵک وایان لێ دەکردم، لە گەڵ خۆم بکەومە پڕ کێشی و بە سەر ئەو شەرمەی خۆمدا زاڵ ببم. نێوەڕاستەکانی ڕەشەمەی ١٣٥٧ کە نەمر مەلا مستەفا بارزانی لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد و، گوتیان تەرمەکەی دێننەوە شنۆ، من لە ژێر کاریگەریی هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕادیۆکانی ئەو کات و خەم و بەداخبوونی خەڵک، چەند پارچە شێعرم بۆ کۆچی دوایی بارزانی نووسی. هەتا تەرمەکەیان لەئەمریکاوە هێنایەوە شنۆ، چەند ڕۆژێکی خایاند. لەو چەند ڕۆژەدا خەڵکێکی زۆر لە شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە هاتبوونە شاری شنۆ. مزگەوتی گەورەی شار هەر جمەی دەهات. هەر جارەی سەرۆک عەشیرەتێک، مەلایەک، کەسایەتییەک دەچووە پشت میکرۆفۆنی مزگەوت و هەستی خۆی بەو بۆنەیەوە دەردەبڕی. تاق و لۆقە شێعریشیان دەخوێندەوە. من ڕۆژی یەکەمی بەشداریم لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی مزگەوتی گەورەدا، ئەگەر چی شێعرەکانی خۆشم پێ بوون، بەڵام پێم عەیب بوو و لە خۆم ڕانەدی بچمە پشت میکرۆفۆن و بیانخوێنمەوە. ئێوارە چوومەوە ماڵ و، شەوێ دەستێکی باشم بە شێعرەکانم داهێنا و بڕیارم دا سبەی لە مزگەوتی گەورەی شار بیانخوێنمەوە. هەر واشم کرد. چەندە لە خۆم ڕازی بووم کە بە سەر ئەو شەرم و ترسەی خۆمدا زاڵ بوومە و توانیومە بەرامبەر بەو هەمووە خەڵکە، شێعری خۆم بخوێنمەوە.

هۆگری بە شێعر نووسین و تینوێتیی بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی، یەکێک لەو هۆکارانە بوون هانیان دام کە لە کۆتاییەکانی پاییزی ١٣٥٨دا، تێکەڵاوی تێکۆشانی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شنۆ بم. لە گەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویستی هاوپۆل و هاوتەمەنم کە ئەویش شێعری دەنووسی، ڕوومان کردە بنکەی ئەو

ڕێکخراوەیە. لە بنکەی ڕێکخراوی لاوان، ئێوارەی یەکێک لە ڕۆژەکانی حەوتوو (وام لە بیرە سێشەمە بوو) تەرخان کرابوو بۆ "شەوی شێعر". ئەو کات لانی کەم لە شنۆ هێشتا دەستەواژەی "ئێوارە کۆڕ" دانەهاتبوو. بەرەبەرە کەسانی دیکەمان ناسی کە ئەوانیش شێعریان دەنووسی، لە شێعر و بەرهەمی ئەوان و لەو باسانەی لەو کۆڕانەدا دەکران، شت فێر دەبووین و بەهرە و بەرهەمی ئەدەبیی خۆمان پێ بە هیزتر دەکرد. وامان لێ هات ئێمەش هێندێ جار شتێکی خۆمان بخوێنینەوە، سەرنج و دەستخۆشی ئەم و ئەو ببیسین و، وا هەست بکەین ئێمەش بۆ خۆمان شتێکین. بێ ئەمەگی دەبێ ئەگەرلەم بارەیەوە یادی زیندەیاد کاک نەیبی قادری نەکەمەوە کە هەمیشە هاندەرمان بوو و دڵگەرمیی پێ دەداین.
چوونە ڕیزی ڕێکخراوی لاوانی دیموکرات، بەشداری لە چالاکیی فەرهەنگیی جۆراوجۆری وەک شانۆ، فێربوون و فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی کوردی، کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی و باسی سیاسی، کردنەوەی بنکەی یەکیەتیی لاوان لە دێی خۆمان و گوندەکانی دەوروبەری بەدوا داهات. لە هەمووی ئەو چالاکیانەدا، بەهرە و مایە و ئیعتیباری شاعیریم، یارمەتیدەر و ڕێخۆشکەری بەرەو پێشچوونم بوون .

ئەو کات ڕەسم وابوو کە شاعیر دەبوایە "تخلص"(نازناو)ی هەبێ. ڕۆژێک لە ڕۆژانی پاییزی ١٣٥٨، لە گەڵ چەند هاوڕێی سەردەمی قوتابخانەم کە ئەوانیش لە دێهاتەوە بۆ خوێندن هاتبوونە شار، لە مزڵی نزیکترین هاوڕێی ئەو سەردەمەم، حوسێن ڕەسووڵ نەژاد-یادی بە خێر- لێک کۆ ببووینەوە کە ئەو باسە هاتە گۆڕێ. بۆ خۆم ٣ ناوم بۆ "نازناو" پێشنیار کرد: "فریا"، "بریا" و "وریا". گوتیان با قورعەی لێ باوێین. ناوەکانمان هەر یەکەی لە سەر پارچە کاغەزێک نووسی و پارچە کاغەزەکانمان نوشتاندنەوە و خستماننە نێو پەرداخێک. داوام لێکرا یەکیان دەربێنم. زۆرم پێ خۆش بوو ئەوەی بە دەستمەوە دێ، "فریا" بێ، کە چی "وریا"م بە دەستەوە هات و بە ناچار ملم بۆ ڕاکێشا. جا

چونکە لە نێو شاعیرانی هاوچەرخی ئێراندا، زۆر نازناوی پێکهاتوو لە تاقە پیتێک و ناوێک وەک "م. سرشک"، "هـ. ا. سایه"، "م. اخوان ثالث"و هتدم دیتبوو، پێم وابوو "وریا" ئەگەر بە تەنیا بێ، نابێ. هەر بۆیە پیتی"ع"یشم وەک کورتکراوە یا پیتی یەکەمی "عەبدولقادر" (ناوی بچووکی خۆم) ڕەگەڵ خست و کردم بە "ع. وریا". "عەبدولقادر"ەکەش لە بەر ئەوە بوو کە تەنیا بابم بەو جۆرە بانگی دەکردم ئەگینا لە هەموو جێیەک هەر "قادر" بووم! غافڵ لەوە کە ئەو "ع"ی "عەبدول" دەتوانێ بۆ هەر هەزار و یەک ناوەکەی خوای تەبارەک و تەعالای بەکاری بێنی و هەر تەنیا تایبەت نیە بە عەبدولقادر! بەڵام وەختایەک بەو عەیبەی نازناوەکەی خۆمم زانی کە زۆر درەنگ ببوو و ئیدی"ع. وریا" جێی خۆی گرتبوو، بە تایبەتی کە هێندێک جار نموونەی ئەو شێعرانەی خۆم بۆ ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران و هێندێک بڵاوکراوەی وەک "لاوان" ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، "کێلەشین"، ئۆرگانی کۆمیتەی شارستانی شنۆ، "یەکێتی"، ئۆرگانی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە، ناردبوو و، هەر بە نازناوی "ع. وریا" بڵاویان کردبۆوە.

ئەو بەرهەمە شێعرییانەی لە ١٤-١٥ ساڵیەوە نووسیبوومن، کۆم کردبوونەوە و لە یەک دوو دەفتەردا نووسیبوومنەوە. کاتێک شەوی ١٨ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٠(١٩٨١) شاری شنۆ لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گیرایەوە و دەبوایە لە شار وەدەر کەوین، لە گەڵ چەند دەفتەری بیرەوەری و کۆمەڵێک کەلوپەل و نووسینی جۆراوجۆری دیکە بە ناسیاوێکی خەڵکی "سەردەرێ"م ئەسپارد کە خۆی و بنەماڵەکەی وەک من لە حەوشی ماڵی کاک هادی ئیمامیدا دەژیان. ئەو ناسیاوە بەڵێنی دا بە شێنەیی کەلوپەلەکانم بباتەوە دێ و تاقەتیان بکا. منیش هەر ئەوەندەم بۆ کرا لە گەڵ هاوڕێم کاک عومەر ئەحمەدی بە دڵی پڕ و بە باڵ ڕاوەشاندن ماڵاوایی لە شارە تازە داگیرکراومان بکەین و، بە مانگەشەو ملی ڕێگایە بگرین و بە پێیان خۆمان بگەیەنینە نەڵۆس کە

هێشتا بە دەست هێزی پێشمەرگەوە بوو. نەشم دەزانی ئەوە دەبێتە سەرەتای دابڕانێکی دوور و درێژم لە شارەکەم  کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە!

گۆڕانی جۆگرافیای تێکۆشانم و ئەرک و بەرپرسایەتیم لە یەکیەتیی لاوان و پێشمەرگایەتی و کاری حیزبیدا، منیان لە شێعر نووسین دوور نەخستەوە. زۆر ڕووداوی نێو ژیانی پێشمەرگانە و تێکۆشان لە نێو خەڵکی کوردستاندا لە لای من دەبوون بە هەوێنی شێعر و هۆنراوەی تازە. هۆگری بە شێعر و خۆشەویستیی شاعیران، هانیان دەدام شاعیران و ئەدیبانی نێو حیزب، بناسم. بە دواداچوون بۆ بەرهەمی نوێیان بکەم، ئەگەر بۆم هەڵکەوێ خۆمیان پێ بناسێنم، بەرهەمی خۆمیان نیشان بدەم و داوای ڕێنوێنی و ئامۆژگارییان لێ بکەم. نووسینەکانی پێشووم، هیچ کات وەدەست نەکەوتنەوە. خەتای خۆشمیان تێدا بوو، چونکە وەدوایان نەکەوتمەوە. هیچ کات ڕێم لە "سەردەری" نەکەوتەوە و لە گەڵ ئەو ناسیاوەش پێوەندیم نەگرتەوە. ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بووبێ کە ئەو کات بە شایانی ئەوەم نەزانیبن خۆم یا کەسانێکی دیکەیان بۆ بخەمە نێو زەحمەت. هەڵبەت دوور کەوتنەوەی شوێنی تێکۆشانیشم لە ناوچەی شنۆ کاریگەریی خۆی هەبووە.
لەو کات بە دواوەش هەر شێعر و نووسینێکی دیکەم کە بەربڵاو لەم یا ئەو دەفتەر دەنووسی، کەمتر لە دەفتەرێکدا کۆم دەکردنەوە. ئەوەندەی بنکە و بارەگامان هەبوو، ئەگەر بە مەئموورییەتیش دوور کەوتبامەوە، کتێب و دەفتەر و کەلوپەلی خۆم لە بنکەکەمان یا لە ماڵە ناسیاوێک بە جێ دەهێشت. جاری وابوو هەتا لە مەئموورییەت دەگەڕاینەوە، ئەو گوندە و ناوچەیەی بنکەمان لەوێ بوو، لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەگیرانەوە. خاوەنماڵ و هاوڕێی ئەمانەتدار ئەو شتانەی لە لامان بە جێ هێشتبوون، بۆیان نەدەپارێزرا و، لە ترسی ئەوەی چەکدارەکانی ڕێژیم بێن و ماڵەکان بپشکنن و شتەکانمان بکەوێتە دەستیان و، کێشە بۆ خۆشیان دروست بێ،  دەیانخستنە نێو ئاگری

تەندوور. هەر خوا بۆ خۆی دەیزانێ چەندە وێنە و نووسین و یادگاری و دۆکیۆمێنتی بە نرخی کادر و پێشمەرگە بەم جۆرە تێدا چوون! جاری واش بووە بنکەکانمان بە هەموو کەلوپەلە شەخسیەکانیشمانەوە کەوتوونە دەست جاش و پاسدار. لە هێرشی ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٦٣(١٩٨٤) بۆ سەر جانداران، شانسم هەبوو کە کەلوپەلەکانم لە جیاتی پاسدارەکان، کەوتبوونە دەست جاشی نەخوێندەوار. جاشەکان ڕادیۆ و ئۆدکلۆن و شتەکانی دیکەمیان نەبواردبوو، بەڵام دەفتەری یادداشتی ڕۆژانەمیان لە حەوشی ماڵێک فڕێ دابوو و بە شایانی بردنیان نەزانیبوو. ئەو ماڵە-خانەیان ئاوا-، هەڵیانگرتبۆوە و دوای چەند مانگ، کە کاک ئەحمەد نەخشی، بەرپرسی "کۆمیتەی برایم جەلال" ڕێی لەوێ کەوتبوو، پێیان دابوو. ئەویش ناسیبوویەوە و بۆی هێنامەوە. شێعری "تەنیایی" و چەند شێعرێکی دیکەش کە لەم دیوانەدا هەن، بەو جۆرە دەستم کەوتنەوە، ئەگینا ئەوانیشم تێدا چووبوون! سەرتان نایەشێنم، من چەند جار ئەو جۆرە ڕووداوانەم بە سەر هاتوون و هیچم بۆ نەماوەتەوە. دواتر قۆڵم لێ هەڵماڵیوەتەوە، ئەگەر شێعرێکم لە بیر بووە، نووسیومەتەوە یا ئەگەر لە شوێنێک بڵاو بووەتەوە و بە یادگار لە دەفتەری کەسێکی دیکە دا نووسیومە، کۆم کردوونەوە. بەم جۆرە ئەوەندە شێعرەی لێم فەوتاوە، زۆر زیاترە لەوەی بۆم پارێزراوە و ئێستا دەیانخەمە بەر سەرنجتان.

ئیستا کە چۆنیەتیی هاتن بۆ نێو دنیای شێعرنووسین و شاعیریم باس کرد، جێی خۆیەتی واز لێ هێنانە نەخوازراوەکەشی هەر باس بکەم. لە ڕەشەمەی ١٣٦٦ (مارسی ١٩٨٨) بووم بە هاوکاری دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان". ئەوکات بەرپرسی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووم. هەر لە کۆتایی بەهاری١٩٨٨دا، بڵاوبوونەوەی گۆڤاری "لاوان" کە چەند ساڵێک بوو، وەستابوو، بە پێداگریی من و ڕەزامەندیی دەفتەری سیاسیی حیزب، دەستی پێ کردەوە. هاوکات بووم بە هاوکاری نزیکی "تێکۆشەر"، گۆڤاری نێوخۆیی حیزب

کە بە شێوەی وەرزی بڵاو دەبۆوە و، وتارم  بۆ دەنووسی. هەر لەو سەردەمیشەوە نووسینی وتار و لێکدانەوەی سیاسی بۆ ڕادیۆم دەست پێ کرد. کرانەوەی ئەومەجالانە بۆ نووسین- دیارە نووسینی سیاسی و حیزبی- هەم وای کرد ئەوەی لە بەهرەی ئەدەبی هەمە، بە لای نووسینی سیاسی و حیزبیدا بچێ، هەم کات و حەوسەلەیەکی ئەوتۆم بۆ نووسینی شێعر و بابەتی ئەدەبی بۆ نەمێنێتەوە. بێ ئەوەی بە خۆم بزانم و بێ ئەوەش کە ئەمە دڵخوازی خۆم بێ، بە بێدەنگی لە شێعر نووسین چوومەوە!! بەڵام ئەزموونی ئەوەندە شێعرنووسینە و ئاشنایەتی لە گەڵ شێعری شاعیران و سەرەدەرکردن لە هێندێک پێداویستی و تایبەتمەندیی دەقی شێعری، لەو ساڵانەدا کە بەرپرسایەتیی گۆڤاری "لاوان" و ئامادەکردنی بەرنامەی ئەدەبی و هونەریی "کۆلکەزێڕێنە" لە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران و پاشکۆی "ئەدەب و هونەر"ی ڕۆژنامەی "کوردستان"م لە سەر شان بوو، لە ڕێنوێنی کردنی نوێقەڵەمان و لە پێداچوونەوەی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی بۆیان دەناردین، زۆر یارمەتیدەرم بوو. بەم جۆرە لە ١٩٨٨ەوە من شێعرم نەنووسیوە، بەڵام هەر وەک ڕابردوو خوێنەری شێعری شاعیران بووم و زۆر جار بۆ دەربڕینی باشتری مەبەستی خۆم لە نووسینەکانمدا پەنام بۆ شێعری شاعیران بردوە .

ئەم کۆمەڵە نووسینەی لەم کتێبە دا دەیانخەمە بەر سەرنجتان، تەنانەت ئەگەر بە پێی هێندێک پێوەر و پێناسە نەچنە خانەی شێعریش، هەر بەرهەمی ئەو سەردەمی شاعیریی منن. دەقەکان لاواز بن یا بەهێز، زۆر ئەدەبی بن یا کەم، کرچ و کاڵ بن یا کامڵ و تەواو، لای من بایەخی خۆیان هەیە. هەڵگری هەست و ڕوانین و بیرکردنەوە و دەربڕینی من لە سەردەمێکی دیاریکراوی تەمەنم دان. دەکرا ئێستا کە دەمەوێ بڵاویان بکەمەوە، دەستێکیان پێدا بێنم و جوانتریان بکەم، بەڵام بە ئەنقەست ئەوەم نەکردوە، چونکە ئەو کات نەدەبوونە ئاوێنەی ئەو سەردەم و قۆناغەی ژیان و تێکۆشانی من. پێشم حەیف بوو، هەر بەو

تاوانەی نەگەیشتوونەتە ئاستی بەرهەمی شاعیرە باشەکان، فڕێیان بدەم و حاشایان لێ بکەم و بڵاویان نەکەمەوە. پێم وایە بە هەموو کەموکوڕییەکانیشیانەوە، هێشتا زۆر پەیام و ڕاز و نیشانەیان لە بارەی سەردەمێکی دیاریکراو لە ژیانی من و خەباتێک کە خۆم بۆ تەرخان کردوە، پێیە.

با بێمەوە سەر ناوێک کە دەبێ بۆ ئەم کۆمەڵە شێعرە هەڵی بژێرم. من و "دڵسۆز"، ئەو هاوڕێ خۆشەویستەی سەردەمی مێرمنداڵیم لە یەک تەمەندا، ملمان لە شێعر نووسین نا، تەنانەت بە هاوبەشی "قەسەم نامە"یەکی دوور و درێژیشمان هۆنیبۆوە، هەر پێکەوەش چووینە نێو کاری فەرهەنگی و حیزبی و سیاسی. کاتی خۆی یەکەی ناوێکمان بۆ دیوانی شێعرەکانمان دیاری کردبوو. "من کە "وریا" و "ع.وریا" بووم، "گەزیزەی قەڵاتگە"م هەڵبژاردبوو. "قەڵاتگە" گردێکی بەرزی بەرامبەر گوندەکەمان چەشمەگۆلە کە هەم زۆر شوێنەواری مێژوویی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، هەم سەرچاوەی ئاوی "ڕکاوێ"ش کەوتووەتە داوێنەکەی. دیارە سەرەبەهارانیش گوڵی گەزیزەی لێ دەڕوێن. بە هەڵبژاردنی ئەم ناوە خۆم بردبۆوە سەر جۆگرافیای گوندێک کە لەوێوە هاتبووم، هەر وەها بەو گوڵە گەزیزەیە، ڕەنگ و روخسارێکی ئەدەبییشم دابوو بە ناوی دیوانەکەم. بەڵام ئەو هاوڕێیەم "شیلانی شەڕگە"ی وەک ناو بۆ دیوانی شێعرەکانی هەڵبژاردبوو. "شەڕگە" بەرەمەزرایەکە کە دەکەوێتە لای باشووری ڕۆژهەڵاتی گوندەکەیان "حەسەننووران"، ئەو سەریشی دەبێتە لێوارەکانی چۆمی گادەر و، لە گوندەکانی "دێشەمس" ، "باڵاگیر" و مەزرای "جاشێران" نزیک دەبێتەوە. لە دەم جۆگە ئاوەکانی ئەم بەرە مەزرایە- نازانم ئێستا ماون یان نا- جاران گوڵی شیلان بە گوڵی سپی و زەرد و سوورێکی کاڵەوە هەبوون. هەر بۆیەش ئەو هاوڕێیەم پەنای بۆ ئەم ناوە بردبوو.

رەنگە ئێستا هەمووتان چاوەڕوان بن کە دووبارە بچمەوە سەر "گەزیزەی قەڵاتگە"، بەڵام وا ساغ بوومەتەوە کە "شیلانی شەڕگە" وەک ناوی ئەم کۆمەڵە بەرهەمەی خۆم هەڵ بژێرم. هۆیەکانیشی ئەمانەن:١- ئەو ژیانەی من بەڕێم کردوە، بە تایبەت ئەو ساڵانەی شێعرەکانم تێدا نووسیون، خەباتێکی مەیدانی بووە لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەکەمدا و، ناوی "شەڕگە"ی پتر لێ دەکاڵێتەوە. ٢- گوڵی شیلان کە پنجکێکی دڕکاوی و ڕیشەیەکی پتەوی هەیە و هەر لەوکاتەدا خاوەنی گوڵێکی جوان و تەنانەت بەرێکی جوانیشە، لە ڕەوتی ژیانێکی سەخت و تەژی خەبات و تێکۆشان باشتر بەرگە دەگرێ و، لە هەر بارێکەوە لە گەزیزە پتر فریای پێشمەرگە دەکەوێ. ٣-من لە گەڵ ئەوەی چەشمەگۆلیم، بەڵام لە دایکبووی حەسەنئوورانم و، بە ڕادەی چەشمەگۆل، بیرەوەریی خۆشم لەو دێیە و خەڵکەکەی هەیە. "دڵسۆز"یش هاوڕێی خۆشەویستی سەردەمێکی هەستیاری تەمەنم بووە و، لە سەر هەست و ڕوانین و بیرکردنەوە و بڕیاری یەکتر لەو سەردەمەدا، زۆرترین کاریگەریمان هەبووە. دەشزانم دیوانی شێعرەکانی "دڵسۆز"یش بە دەرد ئەو شێعرانەی من چوون کە لێرەدا نین. بۆیە دڵنیام ناوبراو کارێکی بەو ناوە نەماوە و، لە سەر دەستبەسەرداگرتنی ناوی دیوانە هەرگیز چاپ نەبووەکەی لەلایەن منەوە، لێم نارەنجێ .
ئیتر ئەوە ئێوە و ئەمەش "شیلانی شەڕگە"ی من کە پێشکەش بە یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی دەکەم؛ حیزبێک کە ٤١ساڵی بێ پسانەوە لە تەمەنی ٥٧ ساڵەی خۆم بۆ خزمەتی ڕێبازەکەی و ئامانجەکانی تەرخان کردوە.

٢٠٢٠/٧/٢٩
٧ی گەلاوێژی١٣٩٩
کۆیە

# مەحەسسیلی دێهاتی*

مەحەسسیلی دێهاتی کە دێ لە شار دەخوێنێ
غەیری قوڕ وەسەرکردن هیچی دی پێ نامێنێ
بۆ خۆی دەبێتە کابان، قابڵەمەی وەسەر دەنێ
کەس حاڵی چێشت نەبینێ، ئاشپەز چی بە سەر دێنێ!!
ڕۆن تێ دەکا بە مسقاڵ، بیباریش بێ ئەندازە
خوێش تێ دەکا بە کیلۆ و ئەوەی دیکەش پیوازە
ماڵی چووکەی شپڕێوە، قەتی گەسک نەدیوە
هەر چوار قولینچکی ماڵێ لە زبڵێ دا ڕزیوە
ورکە دەستیان ماچ دەکا وەختێک کە نان خەڵاس بوو
ورکان دەپشکننەوە یەک بە یەک و موو بە موو
لە گەڵ هەم مەنزڵانی خۆ قەت نێوانی نییە
نازانێ کە ئەم کارە لە سەر چی و لە بۆ چییە؟
شەو دەچێتە سینەما تا خەم لە دڵی خۆی دەرکا
تا دوور لە دایک و بابی، مودەتێ قوڕ وەسەرکا
قادر! لەبیرت نەچێ ئەم دەورانە ناخۆشە
ئەگەر چی ئەم ناخۆشییە، زۆر خۆشیی لە نێو کۆشە

ئەمەش ئاوان چێشتووە خەمی گەورەی دنیایە
ڕەبی ئاخیرمان خێر بێ بۆ خاتری ئەو خودایە.

شنۆ، ساڵی ١٣٥٧

* مەحەسسیل "محصل"، ئەو کەسەی خەریکی خوێندن و فێر بوونە(قوتابی). جاران لە نێو خەڵک لە جیاتی "دانش آموز"ئەم وشەیەیان بە کار دەهێنا. منداڵانی لادێ کە بۆ خوێندن دەهاتنە شار، هەر چەند کەسێک بە یەکەوە ژوورێکیان لە شار بەکرێ دەگرت. منیش زۆربەی ساڵانی خوێندنم بەم جۆرە بەڕێ کرد. ئەم نووسینە یادگاری ڕۆژانی پڕ بیرەوەریی ئەو سەردەمەیە.

## بەڵێن...

شەرتە تا ماوم لە دونیا قەت ئەوینت بەر نەدەم
با گڕی ئەو عیشقە پاکە بمسووتێنێ دەم بە دەم
تۆ وەرە شەرتێک ببەستین دیدەکەم! ئەی چاوەکەم!
مەیلی یەکتر بەر نەدەین قەت هەر بە وێنەی زین و مەم

شنۆ، ساڵی ١٣٥٩ (١٩٨٠)

## خۆزیایەک

کۆتری خۆش پەروازی باخچەی ئارەزووی ئەمنی هەژار
کەی لە سایەی باڵەکانت ئەشکی خۆشیم دێنیە خوار؟

یاخۆ کەنگێ چەشنی دوو مەل ئەم چڵ و ئەو چڵ دەکەین؟
پێکی دێنین ئاشیانی ژیانی بێ دەرد و جەخار؟

پاییزی ١٣٥٩

# ژیانەوە...

لە بیرتە لە یەکەم ژووان‌دا،
بە گوێی منت گەیاند: ئەمن،
لە پێوانی ڕێی ژیان‌دا،
لە ڕێگای مان و نەمان‌دا،
تا بمێنم لە گەڵ تۆ دام،
هەر هاوڕێتم، بۆ تۆ پەنام؟

***

خۆشەویستم! ئەوا ئەمڕۆ هاتمە لای تۆ،
تۆ کە دەتکوت: هاواڵی تۆم،
هاتووم نیازی خۆم بڵێم، بدوێم
لە داخواز و ویستم،
لە ئاوات و لە پێویستم،
کە وابوو گوێ ڕاگرە لە من،
جوانە، ویستم!
خۆشە، ویستم!
خۆشەویستم!

***

پاش شیوەن و فرمێسک سڕین،
تیربوون لە حەسرەت و گرین،
پاش تەمەنێک بە دیلی ژین،
پاش تامی ژیانی ناو پەرژین،
لە پاش وەی بێگانە بینرا،
بە ئاشکرا خوێنمان دەمژیٚ،
بۆ پڕ بوونی گیرفانی زل،
پیرو لاو و مناڵ دەکوژیٚ،
لە پاش ئەوەی تێگەیشتین،
لە گوێی گادا ئێمە خەوتووین،
بە جوانی بۆمان ڕوون بۆوە،
چەوساوە و یەکجار دواکەوتووین،
ئەمڕۆ ڕۆژی ژیانەوەیە،
ڕۆژی هەوڵدان بۆ ماف و
لە جیهان دەنگدانەوەیە..

***

خۆشەویستم!
پێمخۆشە تۆش لە گەڵ من بی،
چقڵی چاوانی دوژمن بی،
بشکێنی دەرگای زیندان و
حەوش و پاوان و ماڵی خۆت.
با مەتەرێز،
ئەو جار ببینیٚ تۆی بەڕێز،
لە نێو ئامێز.

نەبەزیو و بەسام بێ، هێز.
هێزی کورِ و کیژی وڵات،
لاوانی ئوگری خەبات.

***

گیانە! ماڵاوایی کە لە شانە،
لە خۆت دوور کەوە ئاوێنە،
تفێک لە چەوسانەوە کە،
دامەمێنە!
یەجگار دڵی خۆشە بە تۆ،
ئەم راپەڕینە خاوێنە.
سەرکەوتنی لەوە دایە
زۆری وەک تۆی لە داوێنە.

***

خۆشەویستم!
تۆش وەرە نێو کۆڕی خەبات،
جۆرێ تێکۆشە بۆ وڵات،
هەر بمێنی بە نەمری و
لە دوارۆژا،
مێژووی خوێناویمان بڵێ:
شانازیت پێ دەکەم ئەی کیژ!
ئەی لە چاوی دوژمنان‌دا،
تیری ژەهراوی، چقڵی تیژ!
لە بیرم ناچی و ئەتناسم!
ئەی قارەمان و ڕێبواری
ڕێی پیرۆزی "لەیلا قاسم!"

ئەی هاومەتەرێزی "تانیا!"
ئەی جەمیلەی کوردستانی!
پێشمەرگەی مرۆڤایەتی!
ئەی سەمبولی ئازایەتی!

چەشمەگۆل، پووشپەڕی ١٣٦٠(١٩٨١)

لە گۆڤاری "لاوان" ژمارە ١، گەلاڕێزانی ١٣٦٠(١٩٨١)دا بڵاو بووەتەوە.

# سروودی ٢٥ی گەلاوێژ

زۆر شوکر ڕۆژێ لە ڕۆژان هێزی ڕووناکبیرەکان
شین و دادی دیلەکان و پێ لە نێو زنجیرەکان
ئاخ و داخی پاڵەکان و جووتیارە پیرەکان
وەک تۆفان ڕووی کردە هەور و بۆی هێنا ڕۆژی نەمان
هاتە دەر تیشکی گەلاوێژ، بوو بە شادی و پێکەنین.

***

دەستی پێکرد ژیانی تازە ئەم گەلە تێکۆشەرە
هیچ مەترسی بۆ نەما چوون حیزبی زانای ڕێبەرە
هەر لە ئەوکات شۆڕشی گەل جوان ئەستاندی پەرە
ئاشکرا بوو ئەم خەباتە دژ بە هەر چەوسێنەرە
بەرز بوو هاواری حیزب و گەل لە یەک کات: ڕاپەڕین

***

بووینە هاوسەنگەر لەگەڵ گشت مافخوراوی نیشتمان
کەوتە لەرزە هێزی ئیستعمار و تەختی ملهوڕان
گەل لە شوێن ئەو حیزبە پاکە چوو لە بۆ پێش بێوچان
بۆ ئەوەی بێنێتە دی ئاواتی کۆن و پیرمان

دێموکڕاسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان

***

تا دەمێک تیشکی گەلاوێژ جێی هیوا و ئاوات بێ
تا زەمانێک ڕێبەری گەل حیزبی دێموکرات بێ
یا بە کورتی تا خەبات و یەکێتی هاوکات بێ
گەل دەڵێ ئەی پێشەوا، گیان فیدای ڕێگات بێ
جێژنە سەرلەنوێ دەبێت و فرمێسک چیتر نارێژین.

شنۆ، گەلاوێژی ١٣٦٠

مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٠(١٩٨١) داوام لێ کرا شێعرێک بۆ سروودی ٢٥ی گەلاوێژ بنووسم. ئەم شێعرەم نووسی، کۆڕی هونەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە دەنگی هونەرمەند "فەرهاد بابان" کردی بە سروود بۆ ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران. هەر لەو ڕۆژەشدا لە ڕێورەسمی ٢٥ی گەلاوێژ لە شاری شنۆ بە دەنگی ئەو هونەرمەندە پێشکەش کرا.

**یادی نەمرێک...** (بۆ شەهید مەحموود ڕەحمەتپوور، جێگری فەرماندەری هێزی سمکۆی شنۆ)

که مەتەرێزێک دەنەخشێ
به خوێنی خۆبەختکەرێک؛
به دەستی خۆی گیان دەبەخشێ
بەم وڵاتە، کۆڵنەدەرێک؛

*

که ئاوا دەبێ ئەستێرەی
ژینی نەمری پاڵەوانێک؛
هەڵدەگرێ چاوی له سێرەی
هیوای گەل و نیشتمانێک؛

*

که منداڵێکی باب کوژراو
لەگەڵ دایکەکەی ڕەشپۆشی؛
له سەرگۆڕێک، چاو پڕ له ئاو
دەوەستن به دڵ پەرۆشی؛

*

که دەسترێژی گوللەی جاشێ
سینگێک وەک بێژینگ لێ دەکا؛
که نیشتمان تەرمی باشێ
له نێو دڵیدا جێ دەکا؛

*

که وێکڕا فرمێسک دەڕێژن
پیر و مناڵ و لاوەکان؛
تەرمی پێشمەرگە دەنێژن
پێخواسەکان، داماوەکان؛

*

که مەتەرێز دەنەخشێنێ
خوێنی پیرۆزی ڕۆڵەیەک؛
قەڵای ستەم دەلەرزێنێ
تووڕەیی‌و سامی تۆڵەیەک؛

*

که شەهید بوونی دلێرێک
دەنگ دەداتەوە لە وڵات دا؛
که ئازایەک، بێچوە شێرێک
گیانی لە پێناو خەبات دا؛

*

من مەحموودم دێتەوە بیر
پێشمەرگەی قارەمان و ژیر،
تۆڵەئەستینی بە ناوبانگ،
شۆڕشگێڕەکەی ڕووناکبیر.

***

"دۆڵی خدراوێ" ، پاییزی ١٣٦٠ (١٩٨١)

# سەد سڵاو بۆ دێموکرات

بۆ نەجاتی نیشتمانمان تێ دەکۆشین بەردەوام
دادەچۆڕێ خوێن لە سەرتاپای لەشی گەلمان بەڵام
قەت نەماوە زەبر و زەنگی دوژمنانمان بێ وەڵام
ئێستا ناوبانگی خەباتمان بۆتە باسی خاس و عام
با بە یادی ئەو خەباتە بۆت بنێرین سەد سڵاو
ئەی دیموکراتی نەبەزمان، حیزبی خەڵکی بەشخوراو

حیزبی قازیی پێشەوای و بۆ گەلی کورد گیانپەنای
بۆ وەدیهێنانی ئامانجی گەلی کورد پێشەوای
هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانتەوە هیوای، چرای
ئاشکرا بوو لاگری خەڵکی هەژار و بێنەوای
با بە یادی پێشەوامان بۆت بنێرین سەد سڵاو
ئەی دیموکراتی نەبەزمان، حیزبی خەڵکی بەشخوراو

خەڵکی کورد سەربەرزە ئێستا تۆ بە ڕێبەر دادەنێ
دێ لە شوێنی تۆ و بەرەو ئازادی ئەمڕۆ پێ دەنێ
ئەو کەسەی دوژمنتە دەی با گۆڕی خۆی زوو هەڵکەنێ
با لە سەیری ڕووی ڕەشی ئەو، خەڵکی ئێران پێ بکەنێ
ناوەکەی تۆ زۆر بەڕێزە لای گەلانی بەشخوراو

ئەی هومێدی بێنەوایان، پێشکەشت بێ سەد سڵاو

دڵنیاین خوێنی شەهیدان قەت لە بیر ناچێتەوە
تا تۆ ڕێبەر بی لە کوردستان خەبات ناپسێتەوە
دوژمنت ئەمڕۆ بە تینی ئاگرت دەتوێتەوە
ڕوو دەکاتە باوەشی ئاغاکەی و دەکشێتەوە
با بە یادی سوورخەڵاتان بۆت بنێرین سەد سڵاو
ئەی دیموکراتی نەبەزمان، حیزبی خەڵکی بەشخوراو

پاییزی ١٣٦٠

## ئێمە بێ باکین...

دوژمنان! ئەمڕۆ لە سایەی بێچوە شێرانی وڵات
ڕووڕەشی ئێمەن هەمووتان، ڕۆژی خۆشیمان هەڵات

سەردەمێک واتان دەزانی هەر دەبێ وەک دیل بژین
نابێ بپسێنین گوریسی کۆیلەتی، هیچ کات و سات

باش بوو ئەو بیرەی لە مێشکی پیسی ئێوە بردەدەر
تێکۆشانی بێ وچان و تووڕەیی و قینی خەبات

میللەتم تێگەیوە تازە ژینی ژێردەستی چییە
بۆیە بۆ سەربەستی دەمرێ و گیان لە پێناوی دەدات

گەرچی پێت وایە دەتوانێ تێک شکێنێ هێزی گەل
تانک و شێستتیر و تەیارە و جاش و پاسدارانی لات

باش بزانە ئەو گەلە چەکدار بە تۆپێ باوەڕە
هەر لە بیری تۆڵە دایە و هەرگیز نایەتە تکات

ئێمە بێ باکینو سەیرە تۆ دەمانترسێنی لە

لەشکری ئەهریمەنیت، خوڵقێنەرانی کارەسات

پیاو و ژن، پیر و مناڵ و لاو، هەموو پێشمەرگەنە
پێکەوە یەک دەنگ دەڵێن ئەی کوردەواری! گیانفیدات

پڕ لە "وریا"یە وڵاتی پێشەوای هەرگیز نەمر
بۆ فیداکاری و، کێشانی کێشک لە دەسکەوتی خەبات.

گوندی "چەقەڵ مستەفا"(ناوچەی سندووسی خواریٚ)، ڕەشەمەی ١٣٦٠

(ساڵی ١٣٦١- ١٩٨٢، لە بڵاوکراوەی "کێلەشین"، ئۆرگانی کۆمیتەی شارستانی شنۆ دا، بڵاو بووەتەوە.)

# نەورۆز

من ئەو ڕۆژە کە خۆم بینیم
هەر چی چەوساوە و هەژارە،
ئەوەی وشیارە، نەدارە،
چقڵی چاوانی زۆردارە،
کرێکارە، جووتیارە،
ڕووناکبیری بە کردارە،
باری خەمە،
کاری خەمە،
خەم بۆ ئەو پارووی سێ ژەمە،
لە سەر ئەم زەوییە بەرینە،
جێ وچانی نییە، کەمە،
بەڵام وشەی،
ئاکار و وتار و بزەی،
ئاگرێکە زۆر بەتینە،
لەسایەی هێز و مستی خۆی
لە داهاتوو خاترجەمە،
دەڵێم بەختیارم نەورۆز هات.

*
من ئەو ڕۆژەی کە بیری نویَ
وەک مەشخەڵی کاوەی دلێر،
تارماپی و ڕازێنەرەوەی
کۆشکی نگریسی ئەژدەهاک،
ئەژدەهاکی ڕەش و ناپاک،
دەتارێنیَ،
قەڵای زۆرداران دەڕمێنیَ،
زنجیری دیلی دەپسێنیَ،
چەوسێنەران تێک دەشکێنیَ؛
دەبێتە کوتکێکی تووڕە و
بە زیندوویی خۆی دەنوێنیَ،
بۆ نوێخوازان دیاری دێنیَ،
دەڵێم بەختیارم نەورۆز هات.
***

ڕەشەمەی ١٣٦٠ (مارسی ١٩٨٢)، چەقەڵ مستەفا( ناوچەی سندووسی خواریَ)

# کورد و فەلەستینی

ئاوارەکان،
زامدارەکان،
گوند بە گوند و کێو بە کێو
دۆڵ بە دۆڵ
مناڵ بە کۆڵ
دێن و دەڕۆن
چاوی فرمێسک تیا ماوی
تازە پشکوتوی مناڵان
بە خوێن دەشۆن،
برسین،
مەینەت نەبێ هیچ نییە بیخۆن!
کێن ؟ و چین؟
بۆ کویێ دەچن؟
چۆن دەژین؟
چۆن دەمرن؟
*

کوردن، خەڵکی کوردستانن
بێبەش لە خۆشیی ژیانن
خواردەمەنیی زۆردارانن
یەخسیری چەوسێنەرانن
خاوەن ولاتی بێوڵاتن
ئەویندارانی خەباتن
بە خەبات فرچکیان گرتوە

له مێژه ناویان دەرکردوە،
ڕۆڵەیان شێری چیایە
پێشمەرگەیە، زۆر ئازایە
بۆ سەربەستی وڵاتەکەی
بۆ ئامانجی خەباتەکەی
بە دایم گیان لە سەر دەستن
گشتیان خاوەن یەک مەبەستن .

*

ئاوارەکان،
زامدارەکان،
گوند بە گوند و کێو بە کێو
دۆڵ بە دۆڵ
مناڵ بە کۆڵ
دێن و دەڕۆن
چاوی فرمێسک لێچۆڕاوی
تازە پشکوتووی مناڵان
بە خوێن دەشۆن
برسین، مەینەت نەبێ هیچ نییە بیخۆن!
کێن و چین؟
بۆ کوێ دەچن؟
چۆن دەژین؟
چۆن دەمرن؟

*

دیلن خەڵکی فەلەستینن

زامدارن، خاوەن برینن
سەهیۆنیزم خوێنیان دەڕێژێ
بە لێشاو لێیان دەکوژێ
لە تەرمی شەهیدەکانیان
کۆشک و سەرا بنیات دەنێ
بەم ژینەیان پێدەکەنێ!!

ئەوانیش وەک ئێمە ئازان
چریکن، هەموو لە چیان
دەوەستن، ناپاڕێنەوە
سەردەکەون، ناتوێنەوە
هەموو گیانیان لە سەر دەستیان
گیان دەدەن لە بۆ مەبەستیان
لەگەڵ ئێمە هاوسەنگەرن
خەباتگێڕن، تێکۆشەرن
ئیمپریالیزم و نۆکەری
سەهیونیزمی داگیرکەری
ناتوانێ چۆکیان پێ دادا
لە وڵاتی خۆیان ڕایان دا.

جۆزەردانی ١٣٦١ (ناوچەی سندووسی خوارێ، مەحمەدشە)

لە "یەکێتی" ئۆڕگانی کۆمیتەی شارستانی نەغەدەدا (هاوینی ١٩٨٢،١٣٦١)چاپ کراوە .

## بۆ خانزادێک...

ئەتۆ خانزاد! گوڵی جوانی بەهاری
ئەتۆ خانزاد فریشتەی کوردەواری
ئەتۆ خانزاد ژیان کردووی بە دیاری
دیاری کوردەواری‌و گوڵعوزاری.

هەزار جوانیم لە ڕووی تۆدا بەدی کرد
سەری کوڵمت منی شەیدای خەنی کرد
سەرم سوڕ ماوە لەو بەژنەت کە چی کرد
گوڵاڵەی جوانی تووشی ملکەچی کرد.

سندووس، "گۆڵێ"، خەرمانانی ١٣٦١(١٩٨٢)

# کوردستان

کوردستان! ئەی خاکی پاکی شاخەکانت گەوهەرم
کوردستان! ئەی کانیاوت زمزم و هەم  کەوسەرم
کوردستان! بۆ چیمە جەننەت تا ئەتۆی جوان شک بەرم
کوردستان ! قوربانی تۆ بێ، خوێنی پاک،گیان و سەرم
کوردستان پێشمەرگی تۆمە، ڕۆڵەتم، تۆی دڵبەرم

کوردستان! ئاخ و هەناسەی ڕۆڵەکوژراوانی تۆ
کوردستان! فرمێسکی ڕوونی بابی پیر و ڕەنجەڕۆ
کوردستان! هانم دەدا هاوار بکەم من یەک بە خۆ:
کوردستان! قوربانی تۆ بێ، خوێنی پاک، گیان و سەرم
کوردستان پێشمەرگی تۆمە، ڕۆڵەتم، تۆی دڵبەرم

کوردستان! دەردی مناڵە ڕووت و بێ پێڵاوەکان
کوردستان! ڕوانین لە وەزعی شار و دێ سووتاوەکان
کوردستان! دەیکاتە وێردی زاری شێرە پیاوەکان:
کوردستان! قوربانی تۆ بێ، خوێنی پاک، گیان و سەرم
کوردستان پێشمەرگی تۆمە، ڕۆڵەتم، تۆی دڵبەرم

کوردستان! تۆ دڵنیابە بەو زوانە سەربەخۆین
کوردستان! چون ڕاپەڕیوین، چاو لێکە ئێستا لە کوێین؟
کوردستان! دیتووتە ئێمە یەکدەنگ چۆن بۆ پێش دەڕۆین؟
کوردستان! قوربانی تۆ بێ، خوێنی پاک ، گیان و سەرم
کوردستان پێشمەرگی تۆمە، ڕۆڵەتم، تۆی دڵبەرم

کوردستان!تۆ خۆشەویستی لای هەژارانی وڵات

کوردستان! بۆیە هەموویان دێن بەرەو ڕیزی خەبات
کوردستان! گوێت لێ بێ بڕوای ڕۆڵەکانی گیانفیدات
کوردستان! قوربانی تۆ بێ، خوێنی پاک، گیان و سەرم
کوردستان پێشمەرگی تۆمە، ڕۆڵەتم، تۆی دڵبەرم

هاوینی١٣٦١ (١٩٨٢)

## له شینی چەوساوە

## (حەسەن زودیفەر) ی شەهیددا..

هەزاران لاوی ئەو خاکە
بە سەربەرزی لە شوێنت دێن
بەرەو جەرگەی ستاندنی هەق
وەفاداران بە خوێنت دێن

*

لە تۆ فێربوونە تێکۆشان
خەبات‌و گیان بەخت کردن؛
لە تۆ فێر بوونە ماندوویی‌و
لە پێناو میللەتا مردن.

" کێلێ"ی سەرشاخان، جۆزەردانی ۱۳٦۲ (۱۹۸۳)

## ژوانگە...

یادی ناشادی کۆچی هاوڵان
دەمباتە دونیای ماتەمی ساڵان
دیسان لەگەڵ خەم دەست لە ملان دەبم
ڕەشپۆش و خەمین، دڵ بریان دەبم
سەر لە نوێ لە نێو کۆڕی خەباتا
لە بەزمی ڕۆژی خۆشی و ئاواتا
هەست بە چۆل بوونی جێگایان دەکەم
بە شەپۆڕەوە، داوایان دەکەم
لە جیاتی خۆیان، دیمەنی جوانیان
بە سەد تاسەوە دێنە جێژوانیان

* * *

هەر گەز و بستی وڵاتەکەی خۆم
تەلان  و بەرپاڵ، کانیاو و سەرچۆم

جێژوانێکە بە ڕاستی زۆر جوان
بۆ ئەو کەسانەی بۆ یەک دێنە ژوان
ئەم ژوان خوازانە ، ئەم ئەم هاوڕێیانەن
پێشمەرگەی کورد و ئەم کوردستانەن
هێندێکیان شەهید، هێندێکیان ماون
بە ڕمزی ئاڵی " هیوا" ناسراون
ئەوانەی ماون بۆ خۆشی هێنی

بۆ نوێکردنەوەی شەرت و بەڵێنی
لەگەڵ ڕەوانی شەهیدانی گەل
لە شوێن ژوانێکا دەگەڕێن بۆ هەل

* * *

باشترین ژوانگە هەر مەتەرێزە
یەکجار پیرۆزە، یەکجار بەڕێزە.

شاروێرانی سەروو، دایماو، شەوی١٣٦٢/٧/١٢

(کۆتایی زستانی ١٣٦٣ لە جێژنی کۆتایی دەورەیەکی فێرکردنی پێشمەرگەدا لە "گەلاڵە" خوێندرایەوە.)

# له خه‌وما...

ئه‌وینه‌كه‌م!
خه‌یاڵه‌كه‌م!
نه‌شمیله‌ خنجیلانه‌كه‌م!
ئیلهامی ئه‌وینی ساوام!
ئه‌ستێره‌كه‌ی دوای ڕۆژئاوام!
ئه‌ی ئاره‌زووه‌ دێرینه‌كه‌م!
ته‌مه‌ن چارده‌ ساڵانه‌كه‌م!
ئه‌و كات خونچه‌ی هیواكانم
له‌ خه‌وما، له‌ ده‌ستی تۆدا
به‌ بزه‌ته‌وه‌ ده‌پشكووتن؛
به‌خۆم ده‌كوت:
هه‌موو نیگای هیواكانم
به‌ره‌و ڕووتن،
به‌ تیشكی ڕوخساری جوانت
به‌ خاوه‌نیه‌وه‌ له‌ سووتن.

ئه‌وینه‌كه‌م!
ئه‌ی قیبله‌ له‌مێژینه‌كه‌م!
ئه‌وینه‌كه‌م نه‌مامێك بوو
پاش ته‌مه‌نێك،
له‌ شه‌وێكی ساردی پاییز
به‌ ده‌سته‌ نه‌رمه‌كه‌ی ئازیز
پاراو ئه‌بوو، ده‌هاته‌ به‌ر؛

ئەوینەکەم پەیامێک بوو
سڵاوێک بوو،
لە خەونێکا وڵامەکەم
لە لێوە هەنگوین بارەکەت،
لە چاوەکەت، لە زارەکەت،
دەبیستەوە.
وڵامەکەت، دەبووە مەلێک
باڵی دەگرت،
دەچۆوە سەر چڵ و پەلێک
دەچوو بۆ باخی ئەوین و بیرەوەری و خەیاڵەکەم
بە ئاسپایی دەنیشتەوە.
دەنیشتەوە لە باخی دەفتەری شێعر و،
ژیانە یەکجار تاڵەکەم،
دەبووە شەمی سەر دەلاقەی نێو ماڵەکەم،
دەبۆوە بە شۆڕەسواری کاروانەکەی خەیاڵەکەم.
لە ڕاستیشدا نەهاتە بەر
نەمامەکەم، نەهالەکەم،
ئەی خونچەی نەشمیلانەکەم!
گوڵاڵەکەم!
ئەی جوانە چاردە ساڵەکەم !

شاروێران، سێلەکە، بەیانیی ١٣٦٢/٧/١٣(١٩٨٣)

## وڵامی نامەی ئازیزێک...

ئازیز! فەقیرم، ئازیز فەقیرم
ئازیز! گیرۆدەی داوی پەنیرم

لە بەختی بەدم ئەویش گیر نایە
سێ جەم شیرێژە لە پێشم دایە

نانی ڕەشیشمان پڕ بەرد و خیزە
ئەویش جار جارە لە ئێمە زیزە

ئازیز! شەوچەلە کەشکێکی سوێرە
لە ڕاست ددانمان یەکجار بوێرە

ددان شکێنە، مرۆڤ خنکێنە
ئازیز! گەر ئازای وەرە بیدوێنە

بۆ تۆی کە هێشتا چیات نەدیوە
دەتخاتە ناڵە و ئاە  و زریوە

ئازیز! هەواڵی چاییت پرسیبوو
سەڵا لەوکەسەی موعتادی وی بوو

چیت لێ وەشێرم لە بارەی چایی
هەرکەسێ هەیێ حاڵی گەدایی

بتوانێ لەگەڵ پیرەژنان ئێک بێ
لەگەڵ گەورەی ماڵ هەر نەختێک ڕێک بێ

تامەزرۆی دەشکێ لە خێری خەڵکی
بەو زەرداوەی کە نەماوە کەڵکی

ئازیز! فەرمووبووت لە دۆکوڵیو چ باس؟
ئازیز! بە قۆڵی حەزرەتی عەبباس

دۆکوڵیوم بە تۆ هاتەوە بیری
قەزات لە گیانم، تۆ ڕووناکبیری؟!

پێشمەرگە و دۆکوڵیو، کۆجا مەرحەبا؟
کوا پێشمەرگەیەک سوژدەی بۆ نەبا؟

ئاوی حەیاتە و لێرە گیر نایە
ئاخ! بریا ئێستا قاپێکمان بوایە

ئازیزی جوانم، کیژی شۆخ‌و شەنگ
بەو پرسیارانەت دڵت کردم تەنگ

پرسیبووت لێمان قەت هەڵوای دەخۆن؟
یا قەت لێدەنێن تاوێک هێلکە و ڕۆن؟

ماڵت نەشێوێ کوا هەڵوا لێرە؟
کوانێ هێلکە و ڕۆن، کوانێ کولێرە؟

کوا پڵاو گیانە؟ کوا دۆڵمە و کفتە؟
لێرە هەر شیرێژ گیر دێ بە موفتە!

ئەو خورما و ڕۆنەی جاران نەمدەخوارد
لەگەڵ نیسکێنە بە خودامان دەسپارد

ئێستا بەو شەرتەی بێتە بەر دەستم
بە سەری بابت لێی ڕاناوەستم!

ئازیز! یارەبی مار بێتە خەونت
با تۆش لێت تێک چێ ژیانی ئەمنت

ئەوە ئینسافە باسی ترشیات کەی؟
خوێ لە برینی گشت کز و مات کەی؟

باسی کەباب و ترشیت کردووە
لە مێژە ناویم لە بیر بردووە

گەر درۆ نەبێ پێم وایە پار بوو
کوڕێکی هاوڕێم کە پارەدار بوو

لە "میراوێ" بوو دوو دانەی بۆ کڕیم
ڕیشەی ئارەزووی لە دڵی بڕیم

ئازیز! بە باخی باوکی خۆت قەسەم
اگر روزی من به آنجا رسم(*)

له تۆڵەی ئەوەی ئەمڕۆ پێت کردم
گەرنم ئازاکە چەن پووتی بردم

گیرفانم لە دوان دەکەم بە هەزار
بۆ سێو، بۆ بادام، بۆ گوێز، بۆ هەنار

بۆ ترێ، سەوزە، بۆ مێلاق، مێوژ
بۆ هەنجیر، سنجوو، بۆ بێ، بۆ گێوژ

تەماحم زۆرە و، بەوە پڕ نابێ
مەگەر ماشێنێ بگرم کار چابێ

دزێلێک دەکرم لە شاری ورمێ
بۆ پرتەقاڵ و نارنج و هەرمێ

لە هەرچی هەبێ دەبەم بەشی خۆم
بە سەری بابت هەتا تێر نەخۆم

بۆ ژوانت نایەم نازداری نەوسن
بە قەبری بابت دەبێ بە دوژمن

گاگەشی خواریێ، شەوی ١٣٦٢/٩/١٦

(*) ئەگەر ڕۆژێک من بگەمە ئەوێ.

# غەزەلێکی نیوەچڵ (*)

شەو نییە شێعرێ لە دەست ماتەمی ئەو ژینە نەڵێم
ڕۆژ نییە ویستی دڵم بەو کچە شیرینە نەڵێم

هەرکە دەستم لە بۆ پێنووسێ دەبەم شێعرێ بڵێم
دەمەوێ چیتر لە وەسفی گوڵە نەسرینە نەڵێم

دەچمە نێو ناخی خەیاڵات و دەڵێم کوفرە ئەگەر
باسی ئەم عیشقە کە چیرۆکی مەمو زینە نەڵێم

گەڵاڵە ، ڕێبەندانی ١٣٦٢(١٩٨٤)

(*)غەزەلێکی تەواو بوو، ئەوی دیکەم لە بیر چۆتەوە.

## تەنیایی...

کوا کوڵمی یارێ
بە ڕامووسینی دڵم بچارێ؟
کوا بزەی لێوێ
هەستم ببزێوێ؟
کوا سیلەی چاوێ
بمخاتە داوێ؟
کوا خاڵێکی ڕەش
وەک ئەستێرەی گەش
لە ڕۆژڕەشیمدا بە کاری من بێ
گشت خەمی منی لە نێویا ون بێ؟
کوا بزەی شیرین؟
کوا هەوێنی ژین؟

کوا کوا ئەو باسکەی
سەرینی سەرمە؟
کوا ئەو ئامێزەی
هێلانەی گەرمە؟
کوا ئەم دوو لێوەی
تاسەی مژینیان
هەروا دەمکوژێ؟
کوا ئەم برژانگەی
وەکوو نەشتەرێ خوێنم دەڕێژێ؟
کوا کوا ئەو شۆخەی
بێتە ژوور سەرم،
شەو بە هەناسەی

له خەو ڕاپەڕم،
بە وشەی شیرین
بە پەنجەی نەرمی،
بە هەستی گەرمی،
دامرکێ گڕی دڵی گڕ گرتووم
لێم دوور کاتەوە گشت خەمی پێشووم؟
کوا فریاڕەسێ؟
کەسی بێکەسێ؟
کوا هاونیازێ؟
گوێدێرێ ڕازێ؟
تێم بگا کە چیم
بە چیەوە دەژیم؟

کوا کوا هاوڕێیەک
ڕێگای ژیانم لەگەڵ بپێوێ؟
ژیان بناسێ،
له مردن ڕاسێ،
بۆ بەختەوەری و بۆ کامەرانی،
له بۆ سەربەستی و بۆ ئاوەدانی،
بۆ شایی و بزە و بۆ خۆشی و جوانی،
هەنگاو هەڵێنێ،
ژیان لە چنگی مردن دەرێنێ!!؟

سەرشاخان، "بابەکراوێ"، نیوە شەوی ١٣٦٣/٣/١٧(١٩٨٤)

(لە گۆڤاری "نووسەری چیا"، ژمارە ٢، ١٥ی جۆزەردانی ١٣٦٤، ٥ی ژوئەنی ١٩٨٥، بڵاو بووەتەوە)

## جێژنانه -١

### پێشکێش به٢٥ی گەلاوێژی١٣٦٣

ئاگر بڵێسەی سەندوە
بڵێسەی بۆ ئاسمان چووە
وێنەی شۆڕشی نواندووە
دەڵێ: بەڵێ کورد زیندووە
کورد دڕکی چاوی خوێنڕێژە
هەوراز لە ئاستی کورد لێژە.

زولفی شۆخ هاتۆتە لەرین
بە داغە  و ڕۆینە هەڵپەڕین
بۆتە بەهەشتێکی بەرین
وڵاتی خوێن و ڕاپەڕین
گەل زامی هەموو سارێژە
چونکە جێژنی گەلاوێژە

بەزم و ڕەزمی هەمەڕەنگە
سەما و هەڵپەڕکێ و ئاهەنگە

هەرچی کیژی شۆخ و شەنگە
لە دەس کوڕگەلدا یەک دەنگە
دەڵێن: جێژنی گەلاوێژە
گەل زامی هەموو سارێژە

پیر و مناڵ و لاوەکان
ژیکەڵە باب نەماوەکان
یا گوڵاڵە خەمڵاوەکان
بە گشتی گشت چەوساوەکان
دەڵێن: جێژنی گەلاوێژە
بۆیە برینمان سارێژە

لەم ڕۆژەدا بوو دێموکڕات
لە شاری مەهاباد پێک هات
ڕووحی تازەی نا بەر خەبات
بە جێیە کورد هاوار بکات
بیست و پێنجی گەلاوێژە
جێژنێکی مەزنە لە مێژە.

جانداران، ١٨ی گەلاوێژی١٣٦٣(١٩٨٤)

## جێژنانه -٢

با هەڵپەڕکێ بە پا کەین
چەپڵە لێدەین، سەما کەین
لە چەنگی خەفەت ڕاکەین
دەنگ بەرز کەین، هەرا کەین:

ئاهەنگی جێژنە دەگرین
ڕێگەی سەربەستی دەبڕین

با دوژمن چاوی کوێر بێ
با هەر لە خۆشی زویر بێ
دەبا ئەو ڕاستییە فێر بێ
تا ڕۆڵەی کورد جوامێر بێ

ئاهەنگی جێژنە دەگرین
ڕێگەی سەربەستی دەبڕین

دێموکڕاتێکی پاکین
لە دوژمنان بێ باکین
پێشمەرگەین و چالاکین
قوربانیی ئاو و خاکین

ئاهەنگی جێژنە دەگرین

رێگەی سەربەستی دەبڕین

رۆڵەی قازیی پێشەواین
گەل چۆنی بوێ ئاواین
بۆ نیشتمان گیانفیداین
گیان لە سەر دەستو ئازاین

رێگەی سەربەستی دەبڕین
ئاهەنگی جێژنە دەگرین.

جانداران، ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٦٣

(لە ڕێوڕەسمی ٣٩ساڵەی دامەزرانی حیزبدا کە کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت لە "جانداران" پێکی هێنابوو، خوێندمەوە.)

## سوێند...

قەسەم بە نیگای پڕ سێحر و ئەفسوون
بە چاوەکانت کە ڕەمزن، جادوون
سوێند بە چاوی خۆم، بە فرمێسکی ڕوون
سوێند بەو دڵانەی تازە ئەنگاوتوون
سوێند بەو هەستانەی بە جوانیت دەبزوون
هەتا ئەو ڕۆژەی کفنەکەم دەدروون
لە یاد دەرناچێ شۆخە جوانەکەم
خۆشەویستەکەم، ژیکەڵانەکەم

قەسەم بە هەستی خاوێنی دڵدار
قەسەم بە جوانیی بزەی لێوی یار
سوێند بە ئەوینی خاوێن و ساکار
سوێند بە پەیمان و بەڵێن و بڕیار
سوێند بە خاڵەکەت نازداری لەبار
قەسەمم خۆت بێ جارێک نا هەزار
هەتا ئەو ڕۆژەی دەمنێنە ژێرگڵ
هەر تۆم خۆش دەوێ بە گیان و بە دڵ

قەسەم بە شێعرو هەڵبەستو هۆنراو
قەسەم بە پەخشان، ناڵەی دڵسووتاو
قەسەم بە بسکت کە بۆم بۆتە داو
سوێند بەو دیمەنەی ون نابێ لە چاو
سوێند بە هەناسە و دووکەڵی هەناو
ئەتۆ دڵبەرمی و منیش دڵ دۆڕاو

به مردن ڕازیم نەک بە جودایی
عیشقم عیشقێکە عیشقی خودایی

گەورکایەتی، سیسێر،١٣٦٤(١٩٨٥)

# ماڵاوایی...

هەر ساڵ نا ساڵێ
هەر ڕۆژنا ڕۆژێ
هەر جارنا جارێ
دەبێ فرمێسکی تاڵی جیاییم
بە خوڕ لێ بارێ.

دەزانی بۆ؟
من سەفەریم
من کۆچەریم
لە خۆشەویستی بێ بەریم!
دەبێ بار کەم
دەبی تەرکی عیشقی یار کەم
دەبێ حیزبەکەم ئاسوودە و
خۆم ڕەشپۆش و خەفەتبار کەم!

*

کە ڕێم کەوتە ئەو مەڵبەندە
غەریبەیەکی گومناو بووم
تازە لە یار، لە کەس وکار هەڵبڕاو بووم

قەڵایەکی تێک ڕووخاو بووم،
تووشت هاتم
دەستت گرتم
بە عیشقی خۆت شادت کردم
گەلێک خەمت لە بیر بردم
بوومە کوڕی مەڵبەندەکەت
بوومە لاوە دڵبەندەکەت
*
خۆزیا چاوم بە چاوانت نەکەوتبا
خۆزیا بۆ تاقە جارێکیش
لە ئامێزی پڕ ئارامیت
حەزی شێتم نەسرەوتبا،
خۆزیا لە نێو باوەشتدا
شەوانم ڕۆژ نەکردباوە
بە دەم گفتی دڵدارییەوە
خەونوچکەمان نەبردباوە.

بانە، بایزە، شەوی ١٣٦٤/٩/١٥(١٩٨٥)

## شینی کۆچێک...

لەگەڵ هەنگاوی ڕۆیشتنت
هاتە ڕاچڵەکین دڵەکەم

ماڵی خۆت و خۆمت ڕماند
بۆ چی ڕۆیشتی گوڵەکەم؟

بانە، سوتوو، ١٣٦٤/٧/٢٠

## بۆ پیری سەنگەر (مەلا ساڵە)

بە مەرگی تۆ
گەلێک ئینسانی زەحمەتکێش
گەلێک ڕۆڵەی ئازار و ئێش
بزەیان لە لێوی تارا،
ڕێژنەی خەمیان پێ دابارا.

*

لەگەڵ کۆچی بە ماتەمت
بە کۆمەڵ ڕۆڵەی بە شەڕەف
کۆڕیان بەست لە دەوری خەمت.

*

جووتیارەکان!
چەوساوەی سوێسنی،
گەورک، مەنگوڕ
موکری،
گشت ئەوانەی
لەو شەوانەی ساڵانی زوو
تۆیان دیبوو،
وەک مرۆڤی بە ئابڕوو
وەک مەلای بەگژ بەڵا چوو

وەک حیزبیەکی خاوەن ئیمان
وەک ترووسکەی نیوە شەوان
وەک خەوشێوێنی ژاندرمە
وەک ڕووناکی و تەقە و گرمە،
بە مەرگی تۆ، لە خەمدا بوون
لە شیوەن و ماتەمدا بوون.
*
لەگەڵ دوا پشووی ژیانت
هاوڕێیانت،
هاوڕێیانی بەندیخانەت
شایەدانی ڕاوەستانی پیاوانەت،
هاودەمەکانی سەدەمی
لە کۆت و "ژ-٣" ڕاسانت،
لە ئاست نهێنیی حیزبەکەت
لاڵ بوون، زمان گرێ دانت،
باری بزەیان خستبوو
کۆڕی ماتەمیان بەستبوو.
*
لەگەڵ دوا پشووی ژیانت
هاوڕێیانت،
ئەوانەی لە ساڵەکانی
چل‌وشەش‌و چل‌وحەوت
شیو بە شیو ، ئەشکەوت بە ئەشکەوت
بۆ پەیوەندی نوێکردنەوە
بۆ جاش و باش جوێ کردنەوە
بۆ ئازادی ڕێ کردنەوە
بە دووتا ئارەقیان دەڕشت:

باری بزەیان خستبوو،
کۆڕی ماتەمیان بەستبوو.

*
لەگەڵ ونبوونی دواجارت
لەگەل کۆچی خەفەتبارت
سەدان هەژاری دێو شارت
وەفادار کرد بە ئاکارت
*
هۆ هۆ پیری نێو مەتەرێز!
جەنگاوەری بەڕێز، بەهێز!
دێموکراتی داوێن خاوێن،
قارەمانەکەی دارساوێن!
بە زیندوویی، بە مردوویی
خۆشەویستی هەژارانی
درکی چاوی نەیارانی
ئەوەی مەیلی کوشتنی کرد
ئارەزووی خوێن ڕشتنی کرد
پشتی لە زەحمەتکێشان کرد
خۆی ڕووڕەشی کوردستان کرد.

***

بانە، بەردەڕەش، ڕەزبەری ١٣٦٤

## نات بینم تا...

خۆزگە دڵم هیند پان بوایە،
نەک هەر عیشقت،
بەڵکوو خۆشتی تیا جێ بوایە.

نات بینم تا
پڕ بە دڵ سوژدەت بۆ بەرم،
پەردەی بێ دەنگی بدڕینم و
بە ئاسپایی،
نەرم، نەرم
ببمە فرمێسک و هەڵوەرم.

نات بینم تا
قسەت تام کەم و بیچێژم،
وەک پەپوولە،
لە دەوری تۆ خول بخۆم و
تەرمی تاسەی خۆم بنێژم.

"گەڕەدێ"، شەوی ١٣٦٤/١٠/١٧

## ڕق...

(بە دوای دیتنی فیلمی عومەر موختاردا)

بیرم ڕق،
دەستی بە زنجیرم ڕق،
مناڵ، لاو و پیرم ڕق.

هەڵبەست و هۆنراوم ڕق،
زمانی پاراوم ڕق،
گشت و شەو زاراوم ڕق.

شایی و زەماوەندم ڕق،
هەڵپەڕکێ و گۆوەندم ڕق،
چیرۆک، بەیت و پەندم ڕق.

دار و بەردی خاکم ڕق،
باوەڕی زۆر پاکم ڕق،
پێشمەرگەی چالاکم ڕق.

وڵات و خەباتم ڕق،
ڕێبازی نەجاتم ڕق،
شۆڕش و ئاواتم ڕق.

ڕووحی هەر نەسرەوتن ڕق،
لە پیناو سەرکەوتن ڕق،
بۆ ڕاونانی دوژمن ڕق.

گەورەدێ، کانیمێو، ١٣٦٤/١٠/٢٠

# ئەوین...

(بۆ دوو ئەوین)

(ئە) ئەی پزشکی زامی قەلب‌و نووری چاوی دڵتەرم
(هـ) هێزی پێ و گۆچانی دەست و هاوڕێبازی تا سەرم
(و) وێردی زاری خامەکەم تۆیی و لە دێڕی دەفتەرم
(ی) یەک وشەم ناچێ لە بیر و زوو دەبێ ناوت بەرم
(ن) نانەوێ بەیداخی سۆز و چێژی تەنیا ڕابەرم.

گەورەدێ، شەوی ۱۳٦٤/۱۱/۱٦

## دەنگ دێ...

له دەنگی بلوێرێ خۆشتر
له سەیری هاوێرێ خۆشتر
خۆشتر له خرمەی بەرمووران
له قاقای سەرگۆنا سووران
له دەنگی نەی هەست بزوێنتر
له گۆوەندێ خەم تارێنتر
خۆشتر له خوڕەی ئاو هەڵدێر
له چڕەی شێعری شکسپێر
هاندەر وەک سروودی خەبات
سەرچاوەی ئیلهام و ئاوات
بزوێنی هێزی بێبەشان
حوکمی کاخی ستەم ڕووخان

دەنگی کوڕێکی ڕاپەڕیو
ئازادیو خۆشی قەت نەدیو
دەنگی کچی خەباتگێڕە
دەمێکە بە گوێی من فێرە
لە چی دەدوێن لە ئازادی
لە وەی کە لە خۆیان ڕادی

داوای مافی یەکسانی کەن
شەق لە دابی ناحەز هەڵدەن
دەنگی کچە دەگاتە گوێم:
هەتا زووە لە دەست و پێم
دادەماڵم پەتی دیلی
تا کەنگی ژن و زەلیلی؟
بەسیە ئیدی، ئاخر ڕزیم
نامەوێ وەک کۆیلە بژیم.

گەورەدێ، شەوانی ١٥-١٣٦٤/١١/١٧(فێوریەی١٩٨٦)

(لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری " لاوان " ساڵی ١٩٨٦-١٣٦٤دا، بڵاو بووەتەوە.)

## شیوەن...

ئەوا ئەمشۆش لەگەل زامی دەروونی پڕ لە ناسۆرم
دەبێ تا ڕۆژ بنالێنم لە خەلوەتخانەکەی گۆڕم،

لە مێژە حەز دەکەم بگریم و گشت داخم بە فرمێسک کەم
بە سەر پشکۆی دەروونمدا وەکوو بارانە هەلچۆڕم.

منی خاوەن دلێکی پڕ لە گۆڕی ئارەزووەکانم
بە فرمیسکە فەرامۆشی دەکەم شوێنی خەمی زۆرم.

گەورەدێ،٨ی خاکەلێوەی ١٣٦٥(١٩٨٦)

## بۆ تۆم دەوێ؟

(شوێن پێی ئەوینێکی زوو تێپەڕ)

هیچ سەیر نییە
بە خوێندنەوەی یەکەم نامەم
چووبیە بیری ئەو وڵامەم
کەوا ئێستا بە ناچاری
لە بەر دەرکی قەڵای عیشقی
ڕواڵەت و دەروون خەمباری
وەک شەوگاری
کورتە مێژووی
بیست‌وسێ ساڵ ژیانی تاڵ
دەیکەمە قۆچی قۆربانی و
خوێن بایی دوا ئەویندارى.
*
کێ دەتوانێ لە ئازاری
برینی جەرگ تی بگا؟
لە ئیش‌و خۆف‌و ناسۆری
بە ناو زیندووی
هەموو شەوێ
مل لە پەتکی مەرگ تێ بگا؟

کێ هەیە کە لە سەر گڵکۆی
ئاواتی بە لاوی مردووی
ناکامەکان شین بگێڕی؟
خوێناو بگری و
خەڵفی تاسە بە ئەسرینی چاو بدێرێ؟

ئەوەی زڵڵەی ئەو ژیانەی نەخواردبێ،
هەر ڕۆژێکی خۆی بە ساڵێ نەژماردبێ
لە بوونی خۆی
لە بوونی تێداچوونی خۆی
داخدار نەبێ،
بێزار نەبێ،
لە گەل یاخی لە خەم یاخی
هەرگیز هەڵناگرێ بەیداخی
ژیانێکی نوێ!
*
من تۆم دەوێ
کە وێ دەچێ
لە وەتا هەی

لەو ژینەتا
بۆو ژینە پڕ لە شینەتا
نەگریابێ هەرگیز کەسێ
بۆو خەمەی وا لە سینەتا!
من تۆم دەوێ
کە ئاکارت ئاوێنەی ڕابردووی خۆتە
هەناسەکەت مێژووی خۆتە

بێ دەنگێکەت
هیوای نیوە زیندووی خۆتە.
*
لە ڕووی فرمێسکی چاوانت
دێڕ دێڕ چیرۆکی ژیانت،
دەخوێنمەوە.
لە وەردی خەمەکانتدا
ژیانێکی نوێ
دەڕوێنمەوە!

گەورەدێ، ١٣٦٥ /١/١٩(١٩٨٦)

## بۆ چاو شینێک

پاپۆڕی خەیاڵاتم
لە دەریای چاوی شینتا
بە بێ ئارامی دەڕوا و
وێڵە بە دووی ئەوینتا .

گەورەدێ، ١٣٦٥/٢/٧

# بژی دەنگی حیزبی قازی

(پێشکێش بە جێژنی ساڵرۆژی دامەزرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران)

کە کوردستانی راپەڕیو،
چنگوڕکی شەڕ کەوتە گیانی،
لە زەوی‌و لە ئاسمانەوە
هاتن بۆ گەمارۆدانی،
لە خەباتمان یاخی دەبوون
لەشکری ڕەشی و نەزانی،
یەکەم ئامانجی دوژمن بووین
بۆ قەلاچۆ، بۆ وێرانی،
خۆزیای رادیۆ، خۆزیای گشت بوو   ئاواتی ورد و درشت بوو.
*

دەبوو دەنگی خەباتی کورد
لە کەوشەنی ماد تێپەڕێ،
چیرۆکی خاپوور بوونەکەی
کوردستانمان بۆ دوور بەرێ،
دەبوو بانگەوازێک بدا
بۆ پاراستنی سەنگەرێ
کە مەتەرێزی شەڕەفە و
سووک تێک ناشکێ لە هیچ شەڕێ.

له کاتێک دا خۆری خەبات
دەبوو لە تەم بێتە دەریێ:
خۆزیای رادیۆ، خۆزیای گشت بوو    ئاواتی ورد و درشت بوو.
*

٤٠ ساڵ لەمەوبەر لەمڕۆدا
لە کوردستانی بەشکۆ دا
دەنگی کوردستانی ئێران،
دەنگی ئازایان، بوێران،
دەنگی گەلێکی خەباتگێڕ،
نرکەی پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ،
دەنگی ڕێبوارانی قازی،
دەنگی شەڕەف و شانازی،
شەقەی باڵی هەڵۆی چیا،
بوو بە ڕەمزێکی دڵنیا،
بۆ سەربەرزیی کوردستانێک،        بۆ خوێنمژان، گۆڕستانێک!
*

دەنگی حیزبێکی شۆڕشگێڕ
بە خەبات و نەسرەوتن فێر،
دەنگی پێشەنگی خەبات و
ڕێکخەری کرێکار، جووتێر،
دەنگی ڕۆشنبیری ئازای
ڕاهاتوو بە ڕژد و هەڵدێر،
دەنگی ژنانی ڕا پەڕیو
زنجیرپسێن، بوێر، دلێر،

دەنگی دەیان هێز پێشمەرگەی
گیانباز و نەترس و جوامێر،
بوو بە تیشکی مانگی شەوی          لێڵتر لە گشت شەوی زەوی.
*

دەنگێک دەنگی چەوساوەکان،
هاواری بەشخوراوەکان،
گیانێکی تازەی نایەبەر،
شێلگیرە تێکنەشکاوەکان،
بوو بە ئێعجازی مەسیحای
هەژارە لێقەوماوەکان،
بوو بە هاندەری میللەتێک،
ورد و درشت و لاوەکان،
ئەی ئاوێنەی تەواونوێنی
حەماسەکان! ڕووداوەکان!
بۆ حیزب و گەل جێی شانازی!          بژی دەنگی حیزبی قازی!
***

گەورەدێ، جۆزەردانی ١٣٦٥ (ژوئەنی ١٩٨٦) نووسراوە.

( لە چل ساڵەی دامەزرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا، بە دەنگی خۆم پێشکەشم کردوە.)

## ژین نامە...

ژیانم:
چیرۆکی پڕ کارەسات:
هەژاری، نەداری،
فرمێسک و شین و زاری.

ژێردەستی،
ماندوویی، ڕەنجەڕۆیی،
لە ماڵی خۆت نامۆیی.

ناکامی لە ئەوین‌دا،
بەردەوام لە تەزین‌دا،
شکان و هەستانەوە،
خەباتی بێ پسانەوە ،
وێڵ بە دووی ئاواتەوە
بە دووی دێموکڕاتەوە.

گەورەدێ، ١٣٦٥/١/٨

## بۆ مەرگی هێمنی شاعیر...

سەت مخابن مەرگی سەرکەش تۆی لە باوەش کردمەوە
ئارەزووی دیداری ئەو زاتەی لە دڵ ڕەش کردمەوە
من کە خۆزیام بوو هەڵێک بێ تاقە کڕنۆشێک بەرم
بۆو کەسەی پێنووسەکەی زوو ژینەکەی گەش کردمەوە
ئێستە بۆ مەرگی بە داخ و غەرقی شین گێڕانەکەیم
وا مەرگ تووشی پەژارەی تاقە سوژدەش کردمەوە

گەورەدێ، شەوی ١٣٦٥/٣/٢٠(١٩٨٦)

# بەڵگە...

(هەستی دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی"دمدم")

کورد نامرێ،
ئەوە مێژوو؛
لە خاکی خۆی ڕانادرێ،
ئەوە مێژوو.
*
سەربهوردی قەڵای دمدم،
ئەوەتانێ؛
ئەوە تراژێدیای دێرسیم،
دە بنوارە!
ئەو گوڵەی بە خوێنی ڕەنگی،
سەری دانەنواند و هەر جەنگی.
*
ئەوە بەرپاڵی ئارارات،
کە بەهار هات،
سەیری کە چۆن:
گوڵی ئاڵی بە ڕەنگ و بۆن
لە سەر پنجی خوێنی گەشی
ڕۆڵەی چیای گەردەنکەشی
ئەو مەڵبەندە، دەڕوێتەوە و،
دادەپۆشێ زامی لەشی!

گەورەدێ، پاشنیوەڕۆی ١٣٦٥/٣/٢١

## دوو ڕاسپاردە...

(لە یادی ئەو نەمرانەدا کە بە دەستی کوڕانی چینی چەکمەڕەق و دەست و پێوەندەکانیان شەهید کران.)

من هەڵگری ئەو بەیداخەم
کە پێشەوام
چوار دە ساڵ پێش
لە چوارچرا
لە پێناوی لە دار درا.
*

بەردی بناخەی،
شوورەی سەختی ئەو کۆمارەم،
کە چەکمەی ڕەقی چەکمەڕەق،
بەر لە پاشا، تێی گەیاندبوو
چێژ و تامی یەکەمین شەق.
*

جێ برینی ئەو خەنجەرەم
کە خاوەنانی دیوەخان،
تۆماریان کرد لە سەر پشتی
کۆماری پێ هەڵنەگرتووم.

ئەمن خوێنی نەوەستاوی،
گشت شا دەمارێکی مێژووم
*

من گڕی دانەمرکاوی
ڕقی پیرۆزی چەوساوەم،
ئاڵایەکی هەر شەکاوەم،
نەوەی کاوەم،
کاوەی چەرخێکی زیندووم و
کوردستانم،
نابێ چی دی
پێناسەکەی زەوت کرێ؛
با دوژمنم لە گوێی گرێ،
نە هەر تەنیا
وەجاخەکەی قەستە سەری کۆمارەکەم،
بگرە نەوەی زەرووی لادێ،
کە ڕاسپاردەی
شای شاهانی
بۆ بارەگای باوکی خانی،
بە بیر دادێ،
بۆیان ناکرێ جارێکی دێ،
بژێننەوە تراژێدیای
ڕووخانی کۆمارێکی دی.

گەورە دێ، ١٣٦٥/٤/١٠

# شیوەنێکی بێ کۆتایی

بۆ تۆ
ئەی جوانترین گوڵی شنۆ
بۆ تۆ، بۆ تۆ
ڕێژنەی بارانی فرمێسکی دڵدۆڕاوێکی ڕەنجەڕۆ
ملوانکەیەک شێعری خەمین.

بیکە ئەستۆ،
گەردەنبەندێکی هۆنراوە بە مرواریی ئەسرینی من،
پێی هەڵپەڕە بە ئاهەنگی
هەنسکی ئاگرینی من.

کە ژینی من
سەرانسەری ئاخنرا بێ بە ناکامیی ئەوینی من
بۆ جەیازی کۆچت نەبێ
هەناسەکەی بەفرینی من؟

بۆ بۆ سەر قژی ژێر تارات،
گوڵێک نەبێ
زامی دڵی ئەو ناکامەی
تەمەنێک بە عیشقت ژیاوە؟
بۆ مۆمێکی داگیرساوی
سەرمێزی بووکێنیت نەبێ، ئەم هۆنراوە؟

گەورەدێ، پاشنێوەڕۆی ١٣٦٥/٥/٣١

## شیرین...

شیرین، کچێکی ناسکۆڵە
شیرین ڕەوت و نەرمونۆڵە
گورج و زیت و خڕوخۆڵە
لە کاراندا توند وتۆڵە
قامکم لە وەسفیدا کۆڵە
بە داماوی دەڵێم بریا
وەسفی بۆ کرا با وریا

لەو کاتەیدا ئاوێ دێنێ
بە نازەوە پێ هەڵدێنێ
لە ڕەوتا سەت تەرز دەنوێنێ
ڕێبوار سەری سووڕ دەمێنێ
کە با باسکی دەلەرێنێ
بۆنی دە وڵات دەگەڕێنێ
هەستی گشت کەس دەبزوێنێ

بەگزادێکی شۆخ و شەنگە
گوڵزارێکی هەمە ڕنگە
کە وا بە مەمکانی تەنگە
برۆی شمشێری لە جەنگە
خرمەی بەرمووری ئاهەنگە
بۆ پەخشان و شێعری وریا
چاوی ئاوین چەشنی دەریا

به بیری جوان پەرستی من
ناسکترە لە هەستی من
جوانە وەکوو مەبەستی من
لە پەسنی،کورتە دەستی من
ئاخ ئاخ کە دیدە مەستی من
ئەم نازدارە چاردە ساڵە
مرۆڤ لە تاریفی لاڵە

شلکە وێنەی توولە نەمام
مەمکی تورتە وەکوو شەمام
کە لێو دەبزێوێ بۆ سەلام
لە لام یەکن شەکر و کەلام
تا باسی کەی جوانە بەڵام
لە کۆشکی باوکیا یەخسیرە
جوانێکی دەست بە زنجیرە!

بانە، ورچەک، شەوی١٣٦٤/٩/١٨(١٩٨٥)

# بەردەهەڵۆ...

(بۆ تەوارێک، بۆ کچێکی پێشمەرگە)

من وتم تۆ وەک تەواریٚ
هەر لە بەرزیڕا دەنۆڕی
هەر لە دوندی کێو دەنیشی
ناخزی بۆ هیچ بناریٚ
نایە خواریٚ!
*
ڕۆژیٚ: کاتیٚ زەردەی خۆرەتاو،
کاتیٚ شاباڵی هەتاو،
کاتیٚ ڕووناکی بە تاو،
بۆ ترۆپکی ساردەکوێستانیٚ دەچوو،
دیمەنی چڕ، قاقڕ و سەختی چیای دێنایە ڕوو،
ڕێک لەو کاتە، "بەردە هەڵۆ"،
ببووە پاردەی سەنگەری تۆ،
تۆی گرتبووە خۆ؛
دەنگی بەرزو بوێرانەت
دوور دەڕۆیی،
جێی دەهێشتی لە هێلانەت
قاسپەی چەکی سەر مەچەکی دلێرانەت
دادەگەڕا، لە نێو هۆردووی قەلی ڕوورەش
دەبووە بەڵگەی بەرزیی پلەی
هەڵۆی چیای سەخت و سەرکەش.

*

خۆشەویستم!
باش لە بیرمە، کاتێ ویستم،
یەکەم نامەی خۆمت دەمێ،
ڕازی دڵی لە سووت و بۆسۆمت دەمێ،
زۆر دەترسام،
کە نەتوانی ڕێی شۆڕشم لەگەڵ ببڕی؛
تا دوندی چیاکان بفڕی؛
بەڵام ئێستا،
دوای حەماسەی "بەردەهەڵۆ"
" منارە چووک " و "بەردی کەڵی" و زۆر شەڕگەی پیرۆزی ئەوتۆ،
بڕوام وایە:
تۆ تەوارمی،
هەڵۆیەکی بەرزەفڕی چیا و کوێستان و هەوارمی؛
ئێستا ئەگەر نامەیەکی دیکەت دەمێ،
تێیدا دەڵێم:
زۆر دەترسم کە نەتگەمێ!!

کوێستانی قەندیل، تاتی دوێ، ئێوارەی ١٣٦٦/٤/٢٣

# بێتۆ، بێمن، ئەم چیایە...

هۆ تەواری کویستانی کورد!
چنگ داگرە
لەو ڕەوەزەی
بەرامبەر ئاسمان چەقیوە.
ئەم چیایە
بە بێ هەڵۆ
کەلاوەی کوند تێ خزیوە،
وێرانەیە تێک تەپیوە.
ئەم کوێستانە،
تەواری من!
کەوی هیوای هەواری من!
بی من و تۆ،
وشکارۆی باران نەدیوە
پەیکەرەی نێو زگ ڕزیوە،
ئەم چیایە،
بێ شەقەی باڵت هەتیوە.

قەندیل، تاتی دوێ، ١٣٦٦/٤/٢٣(١٩٨٧)

# زەماوەندی پێشمەرگە

من پێشمەرگە،
تۆ پیشمەرگە،
چەند لێمان جوانە ئەو بەرگە!
ئەو تفەنگە،
ئەو هونەرمەندە خۆش دەنگە،
بۆ ئەو شاییە،
بۆو ئاهەنگە،
لە سەر پێیە،
زۆر سروودی خۆشی پێیە.

بووکی شەرمن!
شێری پرچن!
ئەو بنبەردەش کە سەنگەرە،
تاریکە، شێدارە، تەڕە،
لەمەو بە دوا
بە ماڵی خۆت، بە ماڵی خۆم ناوی بەرە.

لێوژێ، ١٣٦٦/٤/١٠(١٩٨٧)

## "ئەو تاپۆیەی بوو بە ئەوین" *

بەر لەوەی تیرێژی نیگات،
هەستی ئەوینم ببزێوی؛
پێش ئەوەی شنەبای بزەت،
چۆلگەی دەروونم بپێویٚ؛

بەر لەوەی دەستی گەرمی تۆ،
تین بخاتە لەشی سڕم؛
پێش ئەوەی دەستەمۆی بکەی،
خولیا و حەزی بەرزەفڕم؛

زووتر لەوەی گوێیەکانت،
تۆنی دەنگی من ببیسیٚ؛
هێلانەی کەسێتیی مەندت،
کۆتری هیوامی لیٚ نیشیٚ؛

پێش ئەوەی وێنەی بەژنەکەت،
جێگیر بیٚ لە قاپی مێشکم؛
یا خۆزیای دووانت ببێتە،
ماکەی بیٚخەوی و باوێشکم؛

زووتر لەوە ناسنامەکەت،
خۆی بە چاوم ناساندبیٚ؛
یا ژیر بوون و ڕێک و پێکیت،
ئاپۆرای ئێرەی تاساندبیٚ؛

لەگەڵ من چەند ساڵێ ژیا بووی،
لە ناخی دڵی من ڕوا بووی،
ئەو جۆرەی دەمویستی، وا بووی
ئاوات بووی، ژین بووی، هیوا بووی.

تا حەز دەکەی خۆشم ویستبووی،
بەڵام ناوم نەبیستبووی؛
بەژن‌و باڵام نەدیتبووی،
قەتیش چم لێ نەویستبووی.

ئەستێرۆکان، نیوەشەوی ١٣٦٦/٥/٦

(*) ناوی ئەم شێعرەم"خۆشەویستی لە مێژینە" بوو. کاتێک لەپاییزی ١٣٦٦ لە سەفەرێکم دا بۆ "گەورەدێ" بۆ مام ئەنوەر سوڵتانپەنا و مامۆستا عاشقم خوێندەوە، مام ئەنوەر پێشنیاری کرد ناوەکەی بکەم بە "ئەو تاپۆیەی بوو بە ئەوین". منیش بە قسەیم کرد.

# چاوەڕوانی...

چاوم بڕیوەتە ئاسۆ
چاوەڕوانم، بەو ڕێگا پێچاوپێچەدا
پەیکی گورجی مەڵبەندی تۆ
تیژ داگەڕێ
بەر لە سڵاو، بە تەڕدەستی
نامەی تۆم خاتە بەردەستی.
*
پەیک هات و دەستی بۆ گیرفانی نەبرد،
لەو بارەوە ورتەی نەکرد،
ئازای لەشم بە جارێ مرد.
*
پەیک گەڕاوە
بە بێ وازی، بە دڵساردی،
سێیەم نامەی خۆم بۆ ناردی.
*
وا ئێستاکەش
چاوم بڕیوەتە ئاسۆ
بە گیانی خۆم، بە گیانی تۆ
لە چاوەڕوانی نامەتدا
چرکەی ڕۆژ و مانگ دەژمێرم
وا خەریکە گیان دەسپێرم!

بەڵام نامرم،

هەر چاو لەو ئاسۆیە دەبڕم،
هەتا ڕۆژێ
خۆت و کاروان
-بەو ڕێیەیدا لێی ئاوا بوون-
دانەگەڕێن.
جا ئەوساکە
هۆ کاروانی گڕ و ڕووناکیی شەو تەرێن
بۆ پێشوازتان چەند فەرسەخ دێم
بەخێر هاتنتان پێ دەڵێم
یەکێکتان لێ دەدزمەوە
باوەشی بۆ دەگرمەوە.

ئێندزە، ئێوارەی١٨ی گەلاوێژی ١٣٦٦

# لەدایکبوون*

ئەو پارشێوەی لە سووچیماڵی پوورم
مناڵدانی دایکی کزم بە جێ هێشت
لە گەڵ نووزەی یەکەم ساتی ژیانم
مەزەی تفتی جودایی و کۆچەریم چێشت

سەفەرزادەی ژنێکی دڵ بە خەم بووم
لە ماڵی قەوم و خوێشێ دابەزیبووم
گەلێ پێشتر لە خێسەی ئەم جیهانە
پەژیوان بووم وترسابووم، بەزیبووم.

کەچی کۆنەی برای تازە لە دەست چووم
دەراوی رووونی گۆڕستانی گرت لێم
لە گەڵ تاریک و ڕووونی بەر بەیانی
لە بانی "ئارەبە" بۆم ڕاخرا جێم

بە ئاهەنگی شەقاوی دوو کەڵی پیر
کوتانی پارچە گۆشتی دڵ دەچووە سەر
بە سووڕی چەرخەکانی ئارەبەی کۆن
تەمەن چەرخی دەخوارد و ڕێی دەدا بەر

له گەڵ تیشکی هەتاوی وەرزی پاییز
له حەوشی ماڵی باوکم تووشی یەک بووین
هەتا پێیان گوتین ڕەببی بە خێر بێن
بە خێرایی هەتا کن پێڕکەکەی چووین

هەتاو هەر ئەو هەتاوەی جاری جاران
هەتا ڕەندۆڵێ چووبوو و هاتبۆوە
منیش ئەو بێشکەیەم پڕ کردبۆوە
له گەڵ خێوی بەرەو مردن نەچۆوە...

(*)دایکم بە دووگیانی و له مانگی ڕەمەزاندا له سەردانی ماڵی خوشکی له "حەسەننووران" دەبێ کە پارشێوێک منی دەبێ. دوای چەند شەو ڕۆژ مانەوەی له ماڵی پوورم، بابم بە کەڵوعارەبە دێت و دایکم و من- کە مەلۆتکە بووم-، دەباتەوە بۆ "چەشمەگۆل". ساڵێک دوو ساڵ بەر له من برای پێش من له دایکبووم دەمرێ. بۆیە له دایکبوونی من کە تەنیا دوو خوشکم هەبوون و دایک و بابم هیچ کوڕێکی دیکەیان نەبووە، بۆ ئەوان ڕووداوێکی خۆش بووە.
وا دیارە بە نیاز بووم بە سەرهاتی خۆم بە شێعر بنووسمەوە، بەڵام دوای ئەم سەرەتایە، حەوسەلەم لێی بەسەر چووە. ساڵی نووسینی ئەم شێعرە دەبێ ١٣٦٥ یا ١٣٦٦ بێ.

شانۆنامەی شێعریی

# دیسان نەورۆز

ڕەشەمەی ١٣٦٥ (مارسی ١٩٨٧)

*پەردە لادەچێ، لە سەر "سێن" ئاسنگەر خەریکی ئاسنگەرییە، جووتێر دانیشتووە و داسێکی بە دەستەوەیە، تیژی دەکاتەوە و دەیسوێ. پینەچی خەریکی خاوێن کردنەوەی جووتێک پێڵاوە. هەرکام لە جلوبەرگی تایبەتی خۆیاندان. تەمەنی ئاسنگەر لە سەرووی چلە، جووتێر بە تەمەنترە، تەمەنی پینەچی لە هی وان کەمترە. بەدەم کار کردنەوە دەدوێن:*

**جووتێر:**
چەند خەمینە وڵاتی من
غەرقی شینە وڵاتی من
بۆ مەرگی کوڕانی دەگرێ
فرمێسکی ژێردەستی دەسڕێ
هەموو لایەک ماتەمینە
فرمێسکە، شەپۆڕە، شینە
هەر گۆڕستان لە برەو دایە
ڕۆژ لە ژێر چۆکی شەو دایە
دزێوی و سامی مەترسی
بۆتە میوانی گشت کەسی
ئەم مەڵبەندە بە پەرۆشە
کە وا ئێستاکە خامۆشە.

**ئاسنگەر:**
هۆ خەڵکینە! هۆ هەژاران!
هۆ ڕەنجدەران! هۆ نەداران!
ئەوا دیسان جەرگم بڕا

تیرێکی دی لە دڵم درا
هۆو تەرمەی وا فڕێ دراوە
لەو چۆلە حەشار دراوە
تەرمی دوایین ڕۆڵەی من بوو
مێشکی دەرخواردی دوژمن چوو
هۆ خەڵکینە! هۆ هەژاران!
هۆ ڕەنجدەران! هۆ نەداران!
وا ئەژدەهاکی جەماران
مەرگی بەسەرماندا باران.

**پینەچی:**
ئای کە ڕۆژگارێکی ڕەشە
ڕەشی پۆشیوە، چی گەشە
بزە لە لێوان تاراوە
مردن شاڵاوی هێناوە
هەموو جێیەک گۆڕخانەیە
ئاوەدانی وێرانەیە
پەپوو لە وڵاتمان دەخوێنێ
سوورە هەرد و بان، بە خوێنێ.

**جووتێر:**
لە چیرۆکبێژان بیستبووم
زۆر لەوە پێش، من هەر نەبووم!
هەر لەو خاکەی کوردەواری
ساڵێکیان بەڵایەک باری
کابرایەکی بێ ناو نیشان
لەو وڵاتە لاقی چەقان

مرخی خۆش کرد لە سامانمان
بوو بە مڵۆزمی ژیانمان
پێکی هێنا لشکری زۆر
لە ماستاوکەر، لە بەرماوخۆر
لە گیانی ئادەمی بەردان
لە چەتەیی و دزی وەردان
لە ژێر سایەی ناپیاواندا
بوو بە ناو لە نێو ناواندا
بوو بە ئەژدەهاکی پاشا
تازە بۆی نەدەکرا هاشا
تاج و تەختی پێک هێنابوو
ئاسن و پۆڵای وێک هێنابوو.

**پینەچی:**
دەگێڕنەوە کە ئەژدەهاک
" کەڵە " (١) بوو، پەیدا بوو لە خاک
ڕەگی، سەر زەویی تەنیبوو
خودای شەڕی پێ خەنی بوو
دەستووری ئەستووری دەدا
زوورەی لە ساتووری دەدا
سەری لە لەش دەکردنەوە!
بە چەشنی مەڕ دەیکوشتنەوە!
خوای نەهاتی کە وای زانی
چوو بۆ ماچی هەر دوو شانی
بە هەر دوو شانیدا نووسا
دوو مار لە جێی ماچی ڕووا
دوو مار بە مێشکی لاو برسی

وڵاتیان خستە مەترسی
بۆ چێشتی ماری ئەژدەهاک
دەرگا تەقانەوە، تاک تاک
ماڵێک نەما لەو وڵاتە
پێی نەبڕێ لەو کارەساتە
هی وا هەبوو شازدە کوڕی
تیغی پاشا سەری بڕی.

*(١) " کەڵە "، جۆرە بژارێکی نێو بێستان و تووتن و...، ڕووەکێکە.*

**ئاسنگەر:**

بۆ دوور دەڕۆن؟ هەر ئێستاکە
هەر ماوە ئەو ئەژدەهاکە
چەنگی بە خوێنی گەل سوورە
لە هەرچی پیاوەتییە دوورە
دژی ژیانە، دژی گیانە
دژی ڕەگەزی ئینسانە!!!
گۆڕ پەرستە، چۆل پەرستە
تەنیا وێرانیی مەبەستە
لایەنگری تاریکییە
سەر کێشە، تۆڕە، وەحشییە
وەڕەز نابێ لە خوێن ڕشتن
ماندوو نابێ لەگەل کوشتن
بێ کەلەبچە ژیانی نابێ
بێ بۆردوومان گیانی نابێ
هەرچی ئارەزووی شادی کا
جارێک داوای ئازادی کا
وەک کوڕی من سەری دەبڕێ

نەیکوژێ لە داخی دەمرێ.

*هەرسێکیان (جووتێر، ئاسنگەر، پینەچی) خەریکی ئەنجامدانی پیشەکەی خۆیان دەبنەوە، ڕۆشنبیر وەژوور دەکەوێ و دێتە سەر سێن.*

**ڕۆشنبیر:**

ئەوە چیتانە؟ چی دەکەن؟
پێم ناڵێن دەم لە چی دەدن؟
پیشەتان ناڵین و شینە
بەمە چارەی دێ ئەو ژینە؟!

**جووتێرو ئاسنگەرو پینەچی، پێکەوە:**

ئەدی پێبکەنین باشترە؟
ئاخر دڵمان لە ژین پڕە
ڕەنجدەرین و ڕەنج خەسارین
کوڕکوژراو و دڵ زامارین
خاوەن وڵاتی بێ وڵاتین
ژێرچەپۆک، و بێ دەستهەڵاتین
لاوانمان لە دارێ دەدرێن
کەس و کارمان لە بەند دەخرێن
دەغڵ و دانمان دەسووتێنن
بۆمبای لە جێگای دەچێنن
دە ناموسمان هەڵدەپێچن
کانیاومان لێ دەکەن لیخن
کوڕمان دەنێرن بۆ شەڕێ
نابێ زمانمان بگەڕێ
جێژنەمان لێ بووە بە پرسە

هەموو سووچی وڵات ترسە.

**ڕۆشنبیر:**
گشتی ڕاستە ئەوەی دەیڵێن
بەڵام نابێ ڕاکەن، هەڵێن،
شیوەن دەردمان چارە ناکا
شەڕی ئەو بەدکارە ناکا
گوێ ڕاگرن! هەتڵە مەبن
شێتی قسە و چەپڵە مەبن
باسی ئەژدەهاکتان دەکرد
پەناتان بۆ زۆر دوور دەبرد
دەوگوت ماری لە شان ڕوا بوو
بە مێشکی لاو تێر کرا بوو
"کەڵی بە موو بەند کردبوو"(٢)
دنیای تووشی پەند کردبوو
شەو نەبوو لە گوند و شارێ
نەچەقێنن سێ چوار دارێ
ئاسمان ئەوەندە گریا بوو
فرمێسکی لە چاو بڕا بوو
زەوی تووشی نەهاتی بوو
مەرگ نەبێ گشت شت قاتی بوو
فەرمانی مانی بوونەوەر
ڕووەک و ئاو و جانەوەر
بە خاوەنی بارەگا بوو
بە ئەژدەهاکی پاشا بوو،
بەڵام کێ بوو دەری پەڕاند؟
جێژنی نەورۆزی راگەیاند؟

**ئاسنگەر:**
ئاسنگەرێکی وەک من بوو
لێی ڕاپەڕی، بە گڕی داچوو
ئاگری جەرگ تینی پێدا
ناقووسی شەڕی پێ لێدا.

**جووتێر:**
هەموو خەڵک، چووک و گەورە
دەهانای چوون، دایان دەورە
بە کوتک و داس و دارەوە
وەرگەڕانە منارەوە.

**پینەچی:**
پشتیان بە یەکتر قایم بوو
موو بە نێویاندا نەدەچوو
بە یەکبوون بوو کۆشکیان ڕماند
سوپای ئەژدەهاکیان شکاند
لە ئەژدەهاکیش خۆش نەبوون
بەم جۆرە بردیان توون بە توون
کاتێ ئاوایان لە نێو برد
ئاورێکی گەورەیان هەڵکرد
لە چیای بەرز، وەسەر کەوتن
بۆ نیشاندانی سەرکەوتن
سەدان ئاگریان کردەوە
گۆی سەرکەوتنیان بردەوە

شەوگاری ڕەش لە وڵات هەڵات
ڕۆژێکی نوێ لە کەل دەرهات.

*جووتێر، ئاسنگەر و پینەچی، پێکەوە:*
بوو  بە نەورۆز!
بوو  بە نەورۆز!

**رۆشنبیر:**
باشە، ئێمە بۆ وا نەکەین؟
بۆ دەست لە ئەژنۆ بەر نەدەین؟
هۆ ئاسنگەر! کاوەی زەمان!
هۆ هۆ جووتێر! بابی خەمان!
هۆ ڕەش و ڕووت! نەدار، برسی!
وەرە وەرە بۆ دەترسی؟
هۆ شێرە خوشکی چەوساوە!
تۆش سەر وەدەر نێ لەم ناوە
هۆ قوتابی! ڕۆڵەی سبەی!
وەرە نەکەی کڕنۆش ببەی
هۆ لاوی کورد! گەنجی وڵات!
وەرە چاوەڕێتە خەبات
بەسییە تاکەی شەوگاری ڕەش
بگرێ بەری ئاسۆگی گەش؟
هۆوەتانێ دوژمن دیارە
خوێنڕێژە، دڕە، بەدکارە
زمانمانی لە گۆ خستووە
دەرگەی ژیانی لێمان بەستووە
چاوی دیتنمانی کوێرە

به قەڵاچۆی گەلمان فێرە
دەی با بەس بێ هەتا کەنگێ
لێ نەدرێ ناقووسی جەنگێ؟
بۆ دەستەوەستان وەمێنین؟
دەست لە دوژمن نەوەشێنین؟
*

وەرن وەرن با دێر نەبێ
کانیی ژین تاڵ و سوێر نەبێ
با پەڵەی ژێر دەستی لادەین
نەیاری خوێنمژمان ڕادەین.

*دوای قسەکانی ڕۆشنبیر قوتابی دێتە سەر "سێن"، تفەنگێک و کتێبێکی پێیە.*

**قوتابی:**
بڕیارە بڕیاری مەزن
پاڵپشتت بم تا هەم ئەمن
بەو پەرتووکەم، بەو تفەنگەم
مەردی مەیدانی ئەو جەنگەم
بەرەو خۆر هەنگاو هەڵدێنم
تەمی وڵات دەڕەتێنم
پێنووسم دەکەم بە نەشتەر
کوێر دەکەم چاوی داگیرکەر
زمانەکەم دەژێنمەوە
نەورۆزی نوێ دەهێنمەوە.

*قوتابی لە پشت ئاسنگەر و پینەچی ڕادەوەستێ، چەک و کتێبی هەر وا لە دەست دایە. شوانیش بە گۆچان و خەنجەر و چەک و شمشاڵەوە دێت.*

**شوان:**
پەیمان دەدەم بە نەتەوەم
تا سەرکەوتن بە دووتەوەم
گۆچانەکەم هەڵداوەسم
لە دوژمنی گەل ڕادەسم
ئەو چەکە وا دەگرمە دەست
تا دێتە ژوان بووکی مەبەست
هەڵدەگرم ئاڵای سەربەستی
ڕێگە دەبڕم بە تەڕدەستی
دەژەنم شمشاڵی شادی
دەڕمێنم کۆشکی بێدادی.

*شوانیش وەک قوتابی بەو کەلوپەلەی پێیەتی، دێتە ڕیزیان و ڕادەوەستێ، ئەمجار "کچ " دێتە سەر سێن، ئاڵایەکی کوردستانی پێیە(*).*

(*)لە کاتی نووسینی دەقەکەدا، لە جێی ئاڵای کوردستان نووسیومە پارچەیەکیان پێیە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"ی لێ نووسراوە.

**کچ:**
بەڵێن، بەڵێن، هەزار بەڵێن
بەڵێن بە وانەی کە دەڵێن:
بۆ خاوەنی بێ ئەو خاکە
حەرام بێ لەو ئەژدەهاکە

تەواری چیای هەڵگورد بم
گیانفیدای سەربەرزیی کورد بم
گەل لە بێ بەشی نەجات دەم
ژن لە ڕۆژ ڕەشی نەجات دەم.

*کچیش لە پشت پینەچی، دەست بە ئاڵاوە ڕوو بە حەشیمەت ڕادەوەستێ. پینەچی لە جێی خۆی هەڵدەستێ و هەنگاویک دێتە پێش و ڕوو بە خەڵک:*

**پینەچی:**
شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ
سوێند بە ڕووت و پێپەتی بێ
سوێند بە دێی پەپوو لێ خوێندووم
بە باغ و ڕەزی وشک بووم
بە بێشکەی بە نێو ئاوداچوو
بە کۆرپەی ئاگر تێبەر بوو
بە شار و دێی بۆمبا لێدراو
بە کەلەبچەی لە گۆشت خزاو
بە نەداری سێ ژەم برسی
بە وڵاتی پڕ مەترسی
سوێندم خوێنی شەهیدان بێ
گیانم بۆ وڵات تەرخان بێ
دەبێ ئاڵای گەلم هەڵکەم
"لەگەڵ هەورانی تێکەڵ کەم". (٣)

(٣) لە شێعری شاعیرێک وەرگیراوە، لە ئەسڵدا بەو شێوەیە بوو:
دەبێ ئاڵای خانی هەڵکەم لەگەڵ هەورانی تێکەڵ کەم.

*پینەچی هەنگاوێک دەکشێتە دواوە و ڕوو بە جەماعەت دەوێستێ.*
*جووتێر دەست بە داسەوە لە جێی خۆی هەڵدەستێ و هەنگاوێک دێتە پێش و ڕوو بە خەڵک:*

**جووتێر:**
لەگەڵتان دام لەم ڕێگەیە
دێم تەنانەت لەو جێگەیە
ئامانج دەخوازێ قوربانی
گیان دەبەخشم بە هەرزانی.
*
ئەوە سەدەی بیستیش ڕۆیی
هەر کورد ما بە ڕەنجەڕۆیی
لە نەتەوەی گەورەی زەویم
کە چی هێشتا نزم و نەویم
دەبا شەرمم بە خۆ دابێ
دەبا حیسێبم یەکلابێ
لە مێژە ئێرە دەکێڵم
کاتی بەرهەم جێی دەهێڵم
ئەگەر بە زمانی خۆم بدوێم
لە ماڵەکەی خۆم دەردەکرێم
هەر کە بە چیای خۆم هەڵدەڵێم
سەد سووکایەتی دەکرێ پێم
ناموس و خاک و زمانم
شەڕەف، گەل و نیشتمانم
کێردیان گەیشتۆتە ئێسقان
جا چۆن پێتان نەدەم پەیمان؟!

*جووتێر پاشەوپاش دەچێتەوە سەر جێگەی خۆی و هەروا ڕوو بە جەماعەت ڕادەوەستێ. داسەکەی هەر وا لە نێو دەستی دایە. ئاسنگەر لە سەر کورسیەکەی هەڵدەستێ و دەست بە کوتکەوە هەنگاوێک دێتە پیش.*

**ئاسنگەر:**

منیش لە تۆرەمەی کاوەم
ئەو پیاوە ڕۆڵە کوژراوەم
بەر لە مێژوو کوتکم وەشاند
میشکی ئەژدەهاکم پژاند
"لە شانو باهۆی خۆم ڕادی
هەڵ بگرم ئاڵای ئازادی"(٤)
ئیستاش تێدام، بە دڵ تێدام
ئامادەم و سەر دە ڕێ دام
خۆش نابم لە خوێنی ڕۆڵەم
ئەمە کوتکم، پیاوی تۆڵەم
هەتا هەوارگەی مرادمان
تا کوردستانی ئازادمان
تا هەڵکردنی ئاڵای نەورۆز
تا ڕەخسانی ڕۆژی پیرۆز
تا زەماوەندی ڕزگاری
هەتا ڕزگاریی یەکجاری
لەگەڵتان دام، بە دڵ تێدام
ئامادەم و سەر دە ڕێ دام.

(٤) ئەو دێڕە شێعرە هی شاعیری ناوداری کورد نەمر مامۆستا هێمنە.

*ئاسنگەر دەست بە کوتکەوە دەگەڕێتەوە دواوە و ڕوو بە جەماعەت دەوێستێ.*
*ئەو جار ڕۆشنبیر ڕوو بە جەماعەت و ئەکتەرانی سەر شانۆ، دێت‌و دەچێ و بە دەم پیاسەوە، دەدوێ.*

**ڕۆشنبیر:**
کاوە و ئەژدەهاکی پێشوو
چیرۆکێک بوو لە توێی مێژوو
ئەفسانە بێ یا ڕووی دابێ
ئێمە نابێ پێمان وابێ
بۆو خەڵکە بەڵا لێدراوە
فریشتە دێن لە حەواوە
بە سانایی ڕزگار نابین
لە چەنگ ستەم قوتار نابین
*
بیری ئەو چیرۆکە بەرزە
پڕ لە مانا و پڕ لە ڕەمزە
هاندەرە بۆ بەرەو پێشچوون
بەرەو بڕوا بە ئاور بوون
دەڵێ لە چیای وڵاتتان
هەڵکەن ئاگری خەباتتان.
هۆ جەماعەت! گوێم لێ بگرن
ئەم قسەیەم لە گوێ بگرن:
ڕێگا ڕوونە، ڕێگا ڕوونە
چەکی ڕزگاری، یەک بوونە
ئامانج کۆشکی ئەژدەهاکە و

مەیدانی شەڕ، فراوانە
هەر لێرەوە تا تارانە.

*تێکڕا بە دەنگی بەرز دەگەڵ ڕۆشنبیردا دەڵێن:*

جەمارانە، جەمارانە
جەمارانە، جەمارانە.

*ڕۆشنبیر دەست بۆ مەشخەڵێک دەبا کە لە نێو کەل و پەلی بەردەستی ئاسنگەردا کەوتووە.*

دەبا مەشخەڵ لە دەست بگرین

*مەشخەڵەکە لە ئاوری ئاگردانی ئاسنگەر نیزیک دەکاتەوە و دایدەگیرسێنێ:*

ڕێگای چیای بەرز ببڕین
لە سەر ترۆپکی هەر شاخێ
بشەکێتەوە بەیداخێ
ئاورێکی وا دابگیرسێ
هەتا تەشقی ئاسمان بچێ
دڵنیا بن ئێمە یەک بین
خاوەن بڕوا و، ڕێکو پێک بین
ئەم ئاگرەش ڕێ ڕوونکەر بێ
واتا ڕووناکی ڕێبەر بێ
بنیاتی ستەم دەڕمێنین
نەورۆزی ڕزگاری دینین.

*

وەرێ کەون، بێ نەسرەوتن
بەردەوام بن تا سەرکەوتن.

*دوای ئەم دوو ڕستەیە، ڕووناکبیر بە مەشخەڵەوە دەچێتە پێشەوەی ڕیزەکە کە کەسەکان دوو دوو و شانبەشانی یەک تێیدا راوەستاون. دوو کەسی پێشەوە بریتین لە ئاسنگەر بە کوتکەوە و، کچ بە ئاڵای کوردستانەوە، لە دوای ئەوانیش جووتێر بە داسەوە و، قوتابی بە کتێبەکەیەوە هەن. ڕیزی دوای ئەوانیش، شوان بەگۆچان و چەکەکەیەوە، پینەچی بە درێشە و پێشبەندەوە. هەر کە ڕووناکبیر مەشخەڵی دەستی بەرز دەکاتەوە، هەموویان هەنگاوێک لاقی چەپ بەرەوپێش دادەنێن و ئامرازی نێو دەستیان بەرز دەکەنەوە و پێکەوە بە شێوەیەکی ڕەزمی دەڵێن:*

با نەهێڵین چی دی پێی داگیرکەران (٥)
بێ بگاتە خاکی قازی و ئەردەڵان
"با بڕۆین تا گەل دەگاتە ڕیز گەلان" (جار٢)
هاکا بینیت دوژمنی گەل داپەڕی
"چونکە زانی کوردی ژێر دەست ڕاپەڕی" (٢جار)

*ئەوجار لاقی ڕاستیان بۆ پێشەوە دادەنێن و دەڵێن:*

ڕاپەڕن دەی غیرەتێ یەکجارییە
شۆڕشی کوردە دژی زۆردارییە
"با بڕۆین دەی زەبری ئەوچەل کارییە" (٢جار)
" هاکا بینیت دوژمنی گەل داپەڕی
چونکە زانی کوردی ژێردەست ڕاپەڕی" "(٢جار)"

(٥) شێعری سروودەکەی هی مامۆستا "پەیمان"ە.

*لەگەڵ تەواو بوونی سروود، پەردە دەکێشرێتەوە و شانۆیەکە کۆتایی پێ دێ.*

**ڕوونکردنەوە:**

ئەم شانۆنامەیەم ڕەشەمەی١٣٦٥ (مارسی١٩٨٧) لە بناری قەندیل، لە "ئەستێرۆکان" کە بنکەی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لێ بوو، نووسی. ماوەیەکی کەممان بە دەستەوە بوو بۆ ئامادەکردن و پێشکەش کردنی. چونکە تەواوبوونی خولێکی فێرکردنی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات و، جێژنی کۆتایی دەورەیەکی سەرەتایی پێشمەرگە لە فێرگەی سیاسی- نیزامیی حیزبمان لە پێش بوو کە ڕێورەسمەکەی بە بۆنەی نەورۆزی١٣٦٦، بەڕێوە دەچوو. دەبوایە بۆ ئەو ڕێورەسمە ئامادەی بکەم. زۆربەی ئەو کەسانەی ڕۆڵیان تێدا وەئەستۆ گرت، کادرەکان و پێشمەرگەکانی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات بوون. کاری دەرهێنان(کارگردانی)یەکەشیم بۆ خۆم کردم.

جاری دووهەم لە بەرەبەری نەورۆزی ١٣٦٧ (١٩٨٨) هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا پەیمان(فیرووز مێهدیزادە) کە بۆ خۆی هەم شاعیر بوو، هەم شانۆگەر و ئەزموونی دەرهێنانی شانۆییشی هەبوو، ژمارەیەک لە لاوەکانی پێشمەرگەی یەکیەتی لاوانی بۆ بەشداری لەم شانۆیەدا دەستنیشان کرد، لە ماوەیەکی کەم دا لاوەکانی ڕاهێنا و توانی

ئەم شانۆنامەیە بۆ نەورۆز ئامادە بکا. کوێستان فتوحیی هاوسەریشم کە بە تازەیی ژیانی هاوبەشمان پێک هێنابوو، لەم شانۆیەدا ڕۆڵی کچەکەی بەڕێوەبرد.

شانۆکە بۆ دانیشتوانی بنکەکانی فێرگەی سیاسی- نیزامی و یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە "بۆڵێ" و "ئەستێرۆکان"، هەروەها بۆ بنەماڵەکان و پێشمەرگەکانی هێزەکانی قەندیل، ٢ی ڕێبەندان، زاگرۆس و ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانی یەکیەتیی نیشتمانییش کە دوای کیمیابارانی هەڵەبجە، ڕوویان کردبووە بنارەکانی قەندیل، هەر وەها بۆ پێشمەرگەکان و بنەماڵەکانی جێگیر لە "مامە خەتیب" و "جاوکان" پێشان درا و پێشوازیی باشی لێکرا.

# ŞÎLANÎ ŞERGE

Qadir Wirya

